بسم الله الرحمن الرحيم

(کۆمەڵە شیعر)

خامە و چامە

محەمەد حوسێنپوور

(ڕێزان)

١٣٩٥

سرشناسه	:	حسین‌پور، محمد، ۱۳۴۷ -
عنوان و نام پدیدآور	:	خامه و چامه(شیعر)/ محه‌مه‌د حسین‌پوور.
مشخصات نشر	:	بوکان : زانکو، ۱۳۹۵.
مشخصات ظاهری	:	۱۴۶ص.
شابک	:	۹۷۸-۶۰۰-۷۹۹۴-۵۰-۴
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی.
موضوع	:	شعر کردی -- قرن ۱۴
رده بندی کنگره	:	PIR۳۲۵۶ ۷۴۳س/۱۳۹۵ ۴۴۳ح
رده بندی دیویی	:	۸فا۲۱/۹
شماره کتابشناسی ملی	:	۴۲۱۴۲۳۹

ناوی کتێب: خامه و چامه

شاعیر: محه‌مه‌د حوسێن‌پوور (ڕێزان)

پیتچن: محه‌مه‌دئه‌مین شاسه‌نه‌م

پێداچوونه‌وه و وێنه‌ی ڕووبه‌رگ: لاولاو

به‌رگه‌ژمێر: ۱۰۰۰ دانه

شابه‌ک: ۹۷۸-۶۰۰-۷۹۹۴-۵۰-۴

چاپ: یه‌که‌م، ۱۳۹۵

چاپه‌مه‌نی: چاپه‌مه‌نی زانکۆ ـ بۆکان

ناوەرۆک

پێشەکی.. ٩

غەزەل...١٥

وان..١٧

نووکی خامە..١٩

چاوکەژاڵی ٢١

ئەگەرچی..٢٣

هۆزی ساوا...٢٥

شووشە...٢٧

دڵی..٢٨

نەوا...٣٠

دڵی تەنگ ٣٢

وەسڵی گوڵ...٣٤

بەردەزەرد ٣٥

هەزار ساڵ..٣٧

عەشق و بزە.......................................٣٩

بەفر...٤١

زایەڵەی دەنگت....................................٤٣

عەشقێکی تۆراو ٤٥

پەروانە..٤٧

شکۆ..٤٩

سڵاو ٥١

ژوان...٥٣

چڕژان...٥٥

بەیانی هات.................................. ٥٧
شەوت باش ٥٩
تۆڕی خەم.................................. ٦٠
ئێستا.................................. ٦٢
نەرمەبای ڕۆح ٦٤
باهۆز.................................. ٦٦
بۆ نەورۆزی ١٣٩٢ .... ٦٨
بسکی تۆ ٧٠
پاییزی تاسە.................................. ٧٢
تۆ.................................. ٧٤
عەشقێ تاوێر.................................. ٧٦
هاتنەوە ٧٨
پەیام.................................. ٨٠
مەسنەوی.................................. ٨٣
حەز ٨٥
هەست ٨٧
شینی هەڵۆ.................................. ٩١
گۆمیلکەی سوور.................................. ٩٤
نیشتمان ٩٦
فرمێسکی شەو.................................. ١٠٠
شەمعی ئەنجومەن.................................. ١٠٢
دایک ١٠٤
بنار ١٠٦
کۆچی سۆران ١٠٨

شمشاڵ.................................. ۱۱۰

بەرۆکی حەیران.............................. ۱۱۳

پێنج خشتەکی...................................... ۱۱۷

گیرۆدە.................................. ۱۱۹

کوێستانی ئێمە.............................. ۱۲۲

زستانی لادێ ۱۲۵

پێنج خشتەکی لە سەر شێعری مەلا کەریم زاری ۱۲۸

زانست.................................. ۱۳۱

شێعری نوێ ۱۳۵

تاسە.................................. ۱۳۷

شەوەزەنگ.................................. ۱۳۸

ئەستەم.................................. ۱۳۹

هەڵەبجە.................................. ۱۴۲

ڕەگاژۆ.................................. ۱۴۴

بۆ دڵدار ۱۴۵

لافاو.................................. ۱۴۷

نەورۆزی ۱۳۸۹ .... ۱۴۹

.... ۱۵۱

سیروان ۱۵۲

چوارینە ۱۵۵

ئەوین.................................. ۱۵۷

مێژوو.................................. ۱۵۸

سۆزە ۱۵۹

پەنجە.................................. ۱۶۰

ماتەم ١٦١
دەگمەن.. ١٦٢
مەیگێڕ.. ١٦٣
سەرین.. ١٦٤
ئارەزوو ١٦٥
لاولاو ١٦٦
کەساس ١٦٧
ماچ.. ١٦٨
ڕێزان.. ١٦٨
موناجات ١٦٩
ڕەحمەتەن لیلعالەمین ١٧٠
موناجات ١٧٣

پێشەکی

لە شەوەزەنگی شەڕێکی تاوانکاری وەرزی هاوین لە ساڵی ١٣٤٧/١٩٦٨ ک لە یەکێ
لە گوندەکانی سەر بە شاری بۆکان قادراوای خانەقا کەوتە داوێنی شێرەژنێکی کوردەوە و
سازبوو بۆژیانی مە لە باسکە و ملانەوە لە قەتارەی شەڕی مان و نەمان !
خوێندنی سەرەتایی لە گوندی کەورە پیاوی بواری موسیقای فۆلکلۆری کورد قالەمەڕە.
دەست پێدەکا و کە وەرەبوونی بەرانبەرە لەگەڵ دابڕانی لە گوندەوە هاتە سەرداوای
سەر بە شاری بۆکان و ئامادەبوونی مەکتەب، هەر لەوێ نیشتەجێ دەبێ و لەو
بەینەدا بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئەوسەردەمان چەندوەختێک لە مەکتەب
دادەبڕێ، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی پشت کردن لە خوێندن و نووسین و حەول و تەقەللا
بۆ شێعر و ئەدەبیات و دەنگ و خەت
لە ساڵی ١٣٧٤/١٩٩٥ ک لە شاری بۆکان ژیانی هاوبەشی پێک دێنێ و خەریکی ڕاهێل کردنی
گلۆلەی هەڵۆزوتێک هەڵاوێشتنیان و ڕاست و ڕێک کردنی کەندوولەندوکوپ و چەلەمە
و هەڵقەندنی ئەو دڕ و وەقەڵغانانە کە لە سەر ڕێگای ژیانی چەقاون دەبێ .

هاوکات خەریکی مەقامات و ئاواز بە شێوەی فۆلکلۆر دەبێ و بە شوێن پێی مەزنە پیاوانی
وەک ئاسیەر تۆفیق و عەزیزی شاهرۆخ لە شابلاغیدا دەڕوا و دەنگی خۆش و ڕەسەن و
حەزی زۆری دەبێتە هۆی ئەوەی لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا و
ڕۆژهەڵات، وەک دەنگخۆش و مەقامبێژێک بناسرێ و لە زۆر یەک لە کۆڕ و کۆبو
ونەکانی موسیقایدا حزووری هەبێ. لەوانە ئاماژە دەکەم بە: کۆنسێرتی گەورەی ساڵی
(١٣٧٠)ک.ه. لە شاری بۆکان بە ڕێوەبەرایەتی بەڕێز ئینایی کە لەوێدا لە سێ تراک دێتە سەر
سێن و هەروەها لە ساڵی (١٣٨٧)ک.ه. لە فێستیوالی ڕێزلێنان لە مامۆستا هێدی شاعیر لە
هەولێر مەقامێکی زۆر بەرز و بەرچاو بچڕێ. لە ساڵی (١٣٩٣)ک.ه. لە کۆنگرەی گەورەی
ئەدەبی لە شاری ورمێ خەڵات وەردەگرێ و ....

بە هۆی ئاشنابوون لەگەڵ گەنجینەی لێبڕاتووی وشە و ڕستەی جوانی کوردی شارەزایی
لە کەلەسەتەڵ و قسەی نەستەق، لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شارانی ڕۆژهەڵات،
وەک پێشکەشکارێک دەچێتە سەر سێن، بەم جۆرە لە زۆر یەک لە دیمانە و کۆنگرە و کۆڕ و

ساڵیادو کۆنسێرتەکاندا قۆڵی یارمەتی بۆ دۆستدارانی ئەدەب و مۆسیقا هەڵدەماڵێ .

بەهۆی بوونی کەرامەتی هونەری تایبەت خۆشنووسین لە ناخی مامۆستادا و ئیلهام

لە مامۆستایانی گەورەی خەتی نەستەعلیق «میرخانی» خۆرستانە دەستی داوەتە خامە بۆ خەت و

زۆر لەو بوارەشدا سەرکەوتوو بووە، کە لە سەردەمانی ساڵانی «١٣٧٠»ک. دا بڕوانامەی

فەوقی مومتاز لە مامۆستایانە بە شایەتی سادقی وەرگرت. زۆربەی شێعر و هەڵبەستەکانی

خۆی گەورە پیاوانی ئەدەبی کوردی وەک نەمر حەقیقی بە قەڵەم قامیش

دەنووسێتەوە و کەم کەس لەو بوارەشدا هەیە بتوانێ شان لە شانی دا .

کاری خۆشنووسینەکانی لە زۆرێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و نامیلکە و تایبەتمەندییەکاندا

دەبیندرێ، لەوانە ئاماژە دەکەم بە: سروەی مەهاباد، ....

یەک دوو وەختە ڕێی زێڕینی مەرووی پێچەپێچە بەسەر خەت
قەت ناگەنە یەک عەزرووسە ئامانەنە یەک خەت

بێ هۆشە گەڕەش دەقەتەری زێڕین ئەسیکە ڕەش خەت خەبەت
خامەی گەڕەکەم وەردی کوهەن نووسینی یەک خەت

جیا لەمە هەموو ئەوانەی ئاماژە کران، تیری خولاسەی
خۆی لە سەر شیعری کوردی دەپێکێ و حەز و تاسەی لە ناخەوە هەڵقوڵاو تێیدا لەگەڵ
جوانی سروشت و شاخ و داخی کوردەواری و شێنی دەرد و ڕامیللەت و بوون و نەبوون و
بەستەزمانی ژیان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لە شیعرەکانیدا خۆی بنوێنێتەوە شێوانی خەڵک

بەخوێندنەوەی غەزەل و قەسیدە و چوارینەی زۆر جوان و پڕ پێز نووسیوەیی نووسەکی توانایە

کە زیاتر لە هەزار بەیت شێعر و دەیان پەخشان و نامیلکەی خوڵقاندووە .

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە شانازی نووسینی پێشەکیەم پێدراوە .

پێی بابا، دەبێ چووکە بکا ماچی دەسی گەورە

بەڵام بێ بەرزی گەوران ئێستێ وەک ساوا وەدەکوهەورە

بەڕێزانی وێنیزانی دەڵێی شێعر و دەنووسێ خەت

موکوڕیان جاوەنی شتێتە لەبیر بەندانی ئەو دەورە

لەیلا بەهرام بەگی . ۱۳۹۴

« لاولاو »

غەزەل

وان

سەوری ڕەشن باڵی کەڵکێشارەشن کەڕای ئاسمانی وان
تۆ بڵێی شاری چڵۆن بێ پاچی تیاوانی وان

ئەو بەهەشتەی چاوەڕێ بووم بە دەستوورەی لاچێ
کە وتە ناخ وەستی شێعرم شۆڕشی لاوانی وان

خاک و ئاوادی شاری بێگەرد بوو بە گرگان بوو بە بەم
کوندە بوو گەردی ئالانە دەرگ و ڕێی پیاوانی وان

عەقرەب و مار بەسەمووی یان هاتنە دەر لەو شارەدا
بووبە تۆڵگەی دەرد و تاسە دوور لە چاوچاوانی وان

بایەقووش خۆی بەندی ئاجاری بوو بە کاولاش بووبە خەم
باڵی لێدا ڕوح بەرەو وان گەردەبەن ناوی ئاوانی وان

کە وتەبن ئاوارەبێ تیکراسە دەهەزار ئاواتی دڵ
بوومە لەرزە بووبە نغمال بوو بە داوودوانی وان

من شتووی کیمیاو ئەشە لەبجە نەوکی گرتم ئەی لەوێ
لاپەڕەی مێژوو بەخوێنە ناوی ناوناوانی وان

ڕۆژگەی گەردەنگی نەناسەی ئاشی جەلادەگری تاوان
جەغزودەسکرد و سوورەوان لەگەڵ ئاوانی وان

تۆ بڵێی ڕێزان بەبێنی خەم لە چوار لادا بڕێ
شێعری ئازادی بنووسی بۆ هەرێمی ئاوانی وان

شێعر و خەتی ڕێزان ۱۳۹۰

وان

هەوری ڕەش باڵی کە کێشا ڕەش گەڕا ئاسمانی وان

تۆ بڵێی شارێ چلۆن بێ؟ یان چ بێ تاوانی وان

ئەو بەهەشتەی چاوەڕێ بووم ئەو سنوورەی لابچێ

کەوتە ناخ و هەستی شێعرم، شۆڕشی لاوانی وان

خاک و ئاوی شاری بێگەرد، بوو بە گڕکان بوو بە تەم

کوندەبوو کردی بە لانە، دەرک و ڕێی پیاوانی وان

عەقرەب و مار هەر هەموویان هاتنە دەر لەو شارەدا

بوو بە مۆڵگەی دەرد و تاسە، دوور لە چاو چاوانی وان

بایەقووش خوێندی بە جارێ، بوو بە کاولاش بوو بە خەم

باڵی لێدا ڕوح بەرەو وان، گەر دەبەن ناوانی وان

کەوتە بن ئاوار بە تێکڕا، سەدهەزار ئاواتی دڵ

بوومەلەرزە بوو بە ئەنفال، بوو بە داو داوانی وان

من پشووی کیمیا و هەڵەبجە، ئەوکی گرتم ئەی لەوێ

لاپەڕەی مێژوو بە خوێنە، ناوی ناو، ناوانی وان

ڕۆژ کە دەنگێوێ هەناسەی بای ئەجەل دەگرێ ئەوان

جەغز و دەسکرد و سنوورە، وان دەگەڵ، واوانی وان

تۆ بڵێی ڕێزان نەبینێ خەم لە چوار لا دابڕێ

شێعری ئازادی بنووسێ، بۆ هەرێم وانانی وان

۱۳۹۰/۹/۹

نووکی خامە

خودایە چۆن کوڵ و کۆی دڵ بە نووکی خامە داڕێژم
لە وەسفی زاتی پاکیدا، قەڵەم کۆڵ و بە سەر گێژم
تەواوی عەرز و ئاسمانی لە خۆشی نووری زاتی ئەو
هەموو پێکهات لە ئەوسافی بڵێم چی پێی و وا بێژم
نییە هێز و گوڕێ، چیدی لە خەفڵەتدا یەکەم فەردم
ئەمن ڕێبوار و میوانێ، بدەی دەستێ لە ڕێی لێژم
دەبیری سەبر و هیوا تۆی، ئەتۆ شافیع بکەی ڕەحمێ
مەقامی (لی مع الله) خۆ محەممەد حەزرەتێ ئێژم
لە دەرگا و بارەگای تۆ دەس‌وپێی بەستراو هەروەک
ئەسیرێکی گونەهبار و لە ڕەحمەت تۆ بدەی چێژم

ئەوەند خۆشحاڵ و سەرخۆشم کە ئەو ڕۆژە بپاڕێتۆ

هەموو مەخلووق بدەی تینێ، بکەی دەرمان و سارێژم

بە قوربی قابە قەوسەینی دەسم گیر کەم هەتا ئەوکات

وەبەر ئاڵای کەوم ئەودەم بکەم چارە لە ڕاوێژم

ئەوەند خاوەن گوناهم من لە شەرما وەک هەتیوێک خۆ

لە قوژبن خاکە چۆڵێ بەس، لە چاو ئەسرینێ هەڵڕێژم

میراوا ١٣٧٧/٤/٢٧

چاوکەژاڵی

.... چەندە دەرفکرم نەوای دڵبلاوێنم دەوێ
ویشکەسۆمە بادەیەکی سارد و خاوێنم دەوێ
بۆ مەرامی ئەو دڵە هەردەم دەناڵێ و شێتەکەم
جووتە چاوی پڕ لە سیحری چاو نەترسێنم دەوێ
باغچەکەی هیوای خەیاڵی خاوەکەم بێبەهرەیە
داری بریا با نەمێنێ داری بەرهێنم دەوێ
چەند تکا فرمێسکی هەڵبەستم لە سەر سەفحەی زەوی
من لە گریان خۆ دەبێرم کوانێ ئەسرینم دەوێ
بایەکەی پاییزی حەسرەت گێژەڵووکەی دام گەلێ
نمنمە و ڕێژنەی بەهاری شادی بارێنم دەوێ

هەر یەکەم ڕۆژی ژیانم ماتەمین بوو تا ئەلان

فێنکە فێنکی بای شەماڵی بسکەڕاژێنم دەوێ

تا بە کەی دوور بین لە یەکتر تۆ لەوێ من لێرەوە

بۆ ژیانی هۆزی ساوام چاوی دووربینم دەوێ

کوا فریشتەی خۆشەویستی بووکی ئازادی بڵێ

چۆپی‌کێش و بەستەبێژی لەفزی شیرینم دەوێ

بوومە هاوڕێی بەژن و باڵا و چاو لە ڕێی داخوازەکەم

چاوکەژاڵێ کوڵمەئاڵێ وێنە لاوێنم دەوێ

٧٠/٧/٢١ میراوای بۆکان

ئەگەرچی

ئەگەرچی دیلی کیژێکم بە دیلیش دڵ دەخورپێنێ
ئەوین و خۆشەویستی ئەو غەمانی من دەڕاوێنێ
بە پشکۆی ئارەزوو و لێو و کەمەند و زولفی فەوتانم
کە بەمیانم دەخنکێنێت و بەویانم دەسووتێنێ
خەزانی هیجرەتی مەیلی بەهاری وەسڵی شێواندم
سەموومی ئاهی ناکامیم چرۆی هەستم دەپروێنێ
لە ئاسمانی وجوودیدا دوو ئەستێرەی گەش و ڕووناک
بە سیلەی چاوی مەخمووری دڵی کەیلم دەلاوێنێ
حەسوودان کوێر ئەبن گەر بچمە ژێر تاقی برۆ و برژانگ
وەکوو مانگی شەوی چواردە لە ئاسمانا کە دەنوێنێ

که تۆرا یار نەما پەیمان، چ خۆشه وەسڵی دوای تۆران

بڵێسەی ئاگری عیشقی، وجوودی من دەسووتێنێ

هەتا هێزم له گیانا بێ هوزارئاسا به کوڵ دەگریم

بڵێی بێ و تین و شێعری من سیلەی ڕوحمی نەبزوێنێ

ڕەشەمەی ١٣٧٢ سەرپێڵی زەهاو

هۆزی ساوا

بیروڕای تۆم دێتەوە بیر وەک مزێ دەتوێمەوە

بۆ بەهاری عومری لاچوو وەک مەلێ دەخولێمەوە

من لە پێناو گیانی تۆدا تۆش جەفاکار و بەقین

سەد کەڕەت دەمرم، دەژیم و بۆ چەلێ دەدرێمەوە

سەیری ڕاوێژی سروشت کە چەند بەفێڵە و ساحیرە

خۆشەویستی لادەبات و وەک مژێ دەبڕێمەوە

باوەشی ناسۆری ژین و بێبڕشتی و باوەڕی

وەک عەدوو بۆت دێتە مەیدان بۆ گەلێ دەتلێمەوە

پڕ دەکەم بیر و سەرنجی خۆشەویستی ئەو گوڵە

وەک تکەی ئەسرینی کیژی بۆ هەلێ دەڕژێمەوە

زۆر پەرێشان دێتە بەرچاو خەڵکی ئەو دەورە بەڵام

من لە پێناو ئەم هەژارێ وەک لقێ دەشکێمەوە

ڕۆژ بە ڕۆژ پەندی ژیان و کەند و کۆسپ و بێغەمی

هەروەکوو دارێ کلۆڵ بێ لەحزەیە دەبڕێمەوە

وەک بەنی نێو شەم لە سووتم چەشنی "ڕێزان"یش پەشێو

بۆ نەجاتی هۆزی ساوا، وەک گوڵێ دەڕوێمەوە

١٣٧٣ میراوای بۆکان

شووشە

بە دڵ پڕ بوون و ئەسرین ڕۆیم و گریام
شکا شووشەی ئەوینم گەرچی وریام
لە بن پەرژین و برژانگ نەرم و هێدی
وەسەر پشکۆی گەشی سەر کوڵمە نریام
دەزانی چاو لە ڕوانین چۆن دەبینێ
سەرنجت بێ مەڵێ کوا داری بریام
لە جەهل و تاریکی بێزارم، ئەی شۆخ
ئەوا گیرۆدەمە بەو دەردە دریام
دڵی شاعیر وەها ناسک خەیاڵە
لە کاتێک دوور لە خۆمم دێتە فریام

سەیداواـ ١٣٧٣/٨/١٠

دڵی

کەوتوومە گۆشەی بێکەسی مەینەت لە سەر شانم گەلێ
شەوگار و ڕۆژ دێن و دەچن، نادا فەلەک چەرخێ خولێ
کاری گەلێ بێعارییە، کاری منیش دەرد و خەمە
نەختێ لە وەختی پڕ خەمم لاچێ و بڵێم ئۆخەی چەلێ
بادەم سەری شووشەی شەوم بەشکوو دڵی من بسرەوێ
مەیگێڕی گۆشەی بێکەسی خۆم بم بە تەنیا بۆ هەلێ
خەندەی دەمی غونچەم نەدی ژینم بە یەلدا تێپەڕی
بۆ سەد خەزان هاتۆ لە سارای بەختی من، نەڕوا گوڵێ
هەروەک گوڵستان دێ و دەچێ زەردە و خەزان دەگرێتە بەر
گێژم دەگێڕم چاوی غەم من بۆ گوڵستان وەک مەلێ

کوا من دەڵێم وێنەی گەلێ داوا دەکەن دەستەگوڵێ

هەنگاو بە هەنگاو دەچمە پێش، ڕازیم بە تەنیا بۆ چڵێ

ناشارەزا ڕێم بوو هەڵە کەوتوومە نێو بەحری ئەوین

بۆ کێ پەنا بەم خۆشەویست پێویستە بۆ من سەرپەلێ

"ڕێزان" ئەوا گیرۆدەیە، تەگبیر و ڕای بێهوودەیە

نابێ نەجاتم قەت مەگەر تەسکیندەری ساحیب دڵێ

گوڵانی ١٣٧٣ سەرپێڵی زەهاو

نەوا

تا سۆزە لە دم دێتە دەرێ بۆ تۆ ڕەوایە

ئەو سۆزە کە سۆزی دڵە وا دەنگە نەوایە

سا یادێ بکە تۆ لە هونەرمەندی ئەسیرت

ئەوکاتە سەنیری خەوەکەت بن‌سەری دایە

سۆزی ئەمن و سۆزی بەیان تێکەڵی یەک بوون

ئەو بەرهەمە پێش‌کێشە ئەوە هات بە سەبایە

ئەو هاودەم و هاوڕێی دڵی تەنگە پەری شێعرم

ئاسکی سڵی دەشت و کەژ و کۆ بەرزی چیایە

تێ‌فکرە هونەرمەند نییەتی سەروەت و سامان

بێ‌فکرە ڕەقیب بۆچی لەوی وایە جودایە؟

پێویسته له لات بێت و دڵی تۆ نه‌شكێنم

ئه‌و هه‌سته هه‌وێنی ئه‌وینی تۆی كه له لایه

گه‌ر دوورین له یه‌ک ڕۆژێ ده‌بێ شاد بینه‌وه خۆ

له كتێبی دڵی تۆش ئه‌وینی ده‌نگ و نه‌وایه

سه‌رپێڵی زه‌هاو ١٣٧۴

دڵی تەنگ

له غه‌مخانه‌ی دڵی ته‌نگم غه‌میش لاچێ؟ نییه چارم
به شه‌و گیراوه مانگی ڕووت، بڵێی لاچێ نییه چارم
له سیخواری هه‌ناسه‌ی تۆ به‌دیمکرد ئێش و ئازارێ
به ڕۆژی ڕووت هه‌ور تارا، ده‌با ده‌رچێ نییه چارم
گزنگ بارانی ڕۆژی ڕووت، ته‌می تاران له ڕووی ڕووتم
فیدای چرپه‌ی خه‌یاڵی تۆ، دڵ و گیان چێ نییه چارم
له ژێر چه‌تری برۆی تۆدا ده‌بینم دوا هه‌ناسه‌ی ژین
له باره‌ندازی عه‌شقی تۆ، ته‌میش ناچێ نییه چارم
نه‌یاران گه‌ر ده‌که‌ن باسم له سه‌ر دڵ دایکوتا ڕیشه
که نێزه‌ی خۆشه‌ویستی تۆ به دڵدا چێ نییه چارم

به ڕێبەندان بڕیم ڕێگا بە یادت کات و ساتانم
ڕنووی کوێستانی غەم شل بوو، ئەویش لاچێ نییە چارم
هەوێنی خۆشەویستی دڵ بە تاسەی ماچی تۆ دەتکێ
لە بۆ ماچێکی ڕووی تۆ، دڵ لە ڕوو ناچێ نییە چارم
بە ڕۆحی خۆشەویستیمان هەناسان تێک بچڕژێنین
ئەگەر چوار بەندی لەش بۆ تۆ بە گڵدا چێ نییە چارم

سەیداوای نۆبار ۱۳۸۳/۱۱/۹

وەسڵی گوڵ

سکاڵای وەسڵی گوڵ ئەمڕۆ لە ئارادا هەرای گەرمە
لە سەردەم عومری گوڵ سەوداسەری هەوری سەمەر دەرمە
ئەوا ڕاسا لە وردی و کۆ گەوە و کۆساری ئاسۆی گەل
لە دوور مەرگی هەرەس کردووی دڕوو ڕاوە کە سەروەرمە
کە دێ ڕامالێ هاواری هەڵو هەردی کەڕوو کردوو
لە ئەلکوو سام و وادە و هەل گەوەی گەردالی گادەرمە
کڵی وەردی هەواری گەل دەهاڕێ دەس لە هەر لاوە
هەموو سامێ ئەدا ڕامال و کرداری لە سەر سەرمە
دڵ و داوی گڕی ڕووی ئەو هەلاڵەی ڕوحی ڕامووسی
مەلی دڵ هۆگری ساوا، کەساسی دادوەرە، هەرمە؟
ئەگەر دەسکرد و سەرسامە مەکۆکی گردی هەودای دڵ
هەوای هەردوو هەوارگەی گەل لە واڵادا سەری گەرمە

گوڵانی ١٣٨٥

بەردەزەرد

شەوارەی چاوی غەم ئێستا لە دوای ئەستێرەیەک گریا
هەنیسکی پاییزی دڵڕەش، بە سەر گوڵ چێرەیەک گریا
ترووسکەی سووری زێڕینی لەرەی گوارە سووری سەر کەل
دڵۆپی خوێن دڵ و دیدەی لە تاو سەرکردەیەک گریا
کە دیتی کوردی چوار پارچە چەنە و چۆکیان لە شین گێڕا
چەم و هەڵدێر، زنە و کانی لە شیوەن تاڤگەیەک گریا
پەڵەی هەوری نەزۆکی غەم کە پەنجەی نا بە ئەوکی ڕۆژ
بەهاری ڕۆحی ژین سەد جار لە داخی شەختەیەک گریا
غەم و تاسە دڵی شاخی لەتوپەت کرد و دایچۆڕاند
کە ئەو لێر شەق بوو گوڵ ژاکا، هوزاریش بەستەیەک گریا

لەشی ئەستەم پلیکان و بڵیندی فەڕشی بن پێمان

چیا و دەشت ڕووی لە چۆڵی کرد بڵیندی سەد دەیەک گریا

بە لەرزەی بەردەزەرد ئەمڕۆ کەژ و کۆ گشتی نوشتاوە

هەڵۆی تیژباڵی میرقازی لە حەسرەت ماوەیەک گریا [١]

بەفرانباری ١٣٨٦

[١] ئاماژە بە لووتکەی تەرەغە سوارە بە سەر میرقازا

هەزار ساڵ

هەزار ساڵ دوور بی لێم من وام، دڵم بەندە بە تۆ جوانێ
کەچی دڵ شێت و شەیدا بوو خەیاڵی بوو سەری دانێ
برینی کۆن و پڕ ژانم لە مێژە و ناکرێ سارێژ
نەدەکرا مەڵحەمێ بێنێ و لە سەر زەخمی منی دانێ؟
شەپۆلی خۆشەویستی ئەو وەها گێژم دەدا و دەمبا
وەکوو مەوجێ بە ئارامی بە لەنگەر دێتە مەیدانێ
بەبێ ناز و پەرێشانی وەبەر چاو دێت و دەیزانم
حەقی چەند ساڵ خەم و دەردی بدا ماچێ و بڵێ هانێ
کە تیری نامرادی خۆی بە خورپە و لەرزە هەنگاوتی
حەیف شای نێوگوڵان ژاکا، ئەگەر شا ئەو نەبێ شا نێ

شنەی یادی لە ڕوحمدا وەها سەوزە شەکاوەی دێ

مژیومە کوڵم و خاڵ و لێو، بە دوو مەمکی لە نێو لانێ

کە تۆ ئەمڕۆ منت بینی لە دوای چەند ساڵ منیش هەر وا

بەهەشتی بێ و خودا بیبا و بە ئارامی لەوێی دانێ

بە جۆرێ ڕاکشا باڵی خەیاڵ و هۆش بە پێشوازی

گەڵای وەرزێکی ڕابردوو دڵیان هاویشتە جێی ژوانێ

پرێچکەی یادی ئەو هەردەم بەرامەی عەشقی پیرۆزە

کە ڕۆژگار چەرخی وەرسووڕا دڵم ئێستاش دەکا ژانێ

جۆزەردانی ١٣٨٨

عەشق و بزە

هەر دەمێ دڵ بۆت دەناڵێ چەشنی چاوەی لانسار
هەروەکوو زۆنگی بەهاران دێ بتۆقێ و بێتە خوار
ئەو زنە و شێلاوگە جوانە، وا ڕەگاژۆی لەش بووە
وام لە بەستێنی وەفای تۆ، هەم لە باوەش گەرمی یار
تەم لە لووتکەی کێو بڵیندان، بەو هەناسەی چۆم و چڕ
بەرهەمی تۆڕی خەیاڵە، وەک نەبارێ بەفری پار
وەرزی یادی تۆ دەسووڕێ، بیری عەشقی سەردەمی
تازە کڕنۆشە لە بەژنت؟ چەپکە گوڵ دێن و وتار
هەر کە ڕۆژ و مانگ و جێژن، هاتە دنیا تۆ هەبووی
خۆشە جێی ژوان شەو بە تۆوە، کن قەراغ ئاودەنگی تار

عەشق و مەست و خۆشەویستی وەک گوڵی ئاونگ لە بن
وەک من و شووشەی دڵی یار، دادەنیشین دوورە شار
تۆ کە هێمای ئەو وڵاتەی، کۆتری دوا ڕۆژی گەلی
خۆزگە بای ناسازی جوانیت، نەیدەکردم کۆڵەوار
گۆی زەوی سینگت بە کارگی مەمکەکان هاتە لەرە
پەنجە گۆشتن چاوی شەرمن، چەشنی زستان و بەهار
بەژنەکەی لاولاوی ڕێکت، ناز دەڕێژێت و شنە
با بە گورجانە وەکۆی کەم، دەس‌درێژ کەم بۆ هەنار
بای هەناسەم هەرکە هات و بسکی لادا ماچی کەم
تیشکی ڕووی وەک مانگی چواردە مانگ لە ئاسمان بێ‌قەرار
پەنجەرەی عەشق و بزەی تۆ عەقڵی لێ ساندووم و هۆش
چەتری هەوری کۆنی مێژوو کوا دەکا دەرمان و چار
ماسی بەژنی نەرم و تورتت کەوتە نێو دەریای خەیاڵ
ئەو کرشم و نازە تا کەی، خۆشەویستیش بوو بە کار؟

١٣٨٨/١٢/١٨

بەفر

ئاردەلۆکە باوێ سەرمان، تەن سپی بەفری چیا
لاپەڕەی جوانی سروشتە، کانی گەوهەر تووتیا
پڕ هەناسەن لێوەکانت، چادری شەرم و بزە
تامی وەرزی خۆشەویستی، وا لە دەست تۆ بێ ڕیا
وا ڕەگاژۆی کردە نێولەش بەژن و باڵا و لەفزی تۆ
چاو لە هەر لاپاڵ و شیوێ گەر دەڕوانێ تۆی تیا
بسکی هەوری تاڵی شەوگار چۆتە ناخی ڕۆژی ڕوون
ئەو بەسەرهاتە لە مێژوو، یەک لە کن یەک تانیا
گۆی زەوی بەژنت لە دڵما بۆتە ڕێچکەی عەشق و دڵ
عاشقانی ئەو هەرێمە، خەت بە خەت بوونە جیا

پاک و بێگەرد و سپی و سۆڵ وەک دڵی کورد ڕەنگی تۆ

دژبەرانی بەیرەقی گەل، دڵڕەشانن ڕووسیا

ئارەقەی گۆنات بە تیشکی خۆری ڕووت ئاژن کرا

هەروەکوو ئاڵا لە کۆمار، ئەو کەسەی لە بنی ژیا

قەترە قەترەی چاوەکانت شەربەتی ژین و ژیان

وەرزی ئەوساڵ گشت بەهارە، سەوزە هیوام وەک گیا

گەرچی «ڕێزان» هەست بە خۆشی هاتن تۆ زۆر دەکا

(پیوسته با موج شبت، زلف مشکین‌فام بیا)

۱۳۹۴

زایەڵەی دەنگت

چریکەت کەوشن ئەشکێنێ، بە ئەزموونت فەقیر نابم

کە قاسپەی کەو لە هەڵدێر دێ، بە دەنگی تۆوە پیر نابم

وەفا و عەهدێک و یەکڕەنگی کە تۆ دابووت بە خاک و ئاو

بە چاوی تۆ و چیا و زەنوێر، لە سوێی تۆیە کە ژێر نابم

بڵیندی لووتکەکەی ئەوکت هەوێنی عەشق و چیرۆکە

وەکوو ماسی لە بۆ دەریا، بە کۆت و بەند ئەسیر نابم

ئەتۆ خۆری ئەتۆ مۆمی، گڕی سووری، هەناسێکی

ئەتۆی ئاسۆی وڵاتێکی، بە شوێنتا دێم و گیر نابم

لە سەر پەلکی گەڵای هەستت هەناسەی چۆن بژیمم دێ

هونەرمەندێکی بۆ گەل بووی، بە وەسفی تۆ سەغیر نابم

ئەگەر دنیا لە ژێر حوکمم بە ڕۆژ و مانگەوە بایە

بە دەست بای وەعدەوەم دەسپارد، دەڵێم بۆیە ئەمیر نابم

ئەگەر چوار وەرزی ساڵ یەک بن ئەتۆ تیشکی بە تەنیایی

بە هەست و سۆزی تۆ زیندووم، بزانە ویشکەبیر نابم

شەکاوەی زایەڵەی دەنگت لە بن گوێم دێت و ناتبینم

لە بێشکەی خاکیشا زیندووی، بەبێ تۆ بێ‌نەزیر نابم

١٣٨٩/١٢/٢

عەشقێکی تۆراو

دەبوو باشتر بزانم من بە بەختی ڕەش، ئەتۆ شەو نی؟
لە نێو قامووسی دڵداری بە ئاواتی دنەی خەونی
تەرەی، کۆترێکی بێ لانەی، پەشۆکاوی شەوی عەشقی
بە باز و کەو دەشوبهای تۆ، ئەگەر باز نی، کەچی کەو نی
لە سەر چاو و لە سەر دڵ تۆ، دەنیشی و خەڵفی لاولاوی
بەتاڵی کردەوەت بەندی و تەلی ئیلمەی گوڵی تەونی
لە جێی ژوانی وشەی پێنووس بزەم ماچی نەماوە بۆت
لە ژێر چەترێکی نامۆدا، دەگێڕم چاو مەگەر شەو نی؟

وەها ئەسپی ئەوینی خۆت لە ئامێزی ژیان زینە

بەرەو بەرزی سکاڵاتە، بەڵام چبکەم گەوەی کەو نی

نیگای پاییزی بێ شەرتیت ئەوا شەرتی شەوێنی دا

شەو شەرت و وشەی بەختت هەموو سووتا، ئەتۆ هەو نی

١٣٩١/١/١٠

پەروانە

دڵ بە عەشقی تۆیە بێشک، چونکە من تۆم خۆش دەوێ

گەرچی بێنازە بەهارم، تۆ لە کوێ بی دێمە وێ

تۆ بە پێی یاسا و ڕێساکەی، خۆشەویستی دابنێ

چاوخوماری چاوەکانت، بێ خەوە زۆربەی شەوێ

ئەو بەڵێنەی تۆ کە دابووت، بوو بە هێما لای کەسان

پێشڕەوی جێژوانی عەشقی، وەخت و بێوەختی خەوێ

سیلەکەی چاوی دڵی تۆ، بوو بە مەکتەب بۆ دڵان

ڕوحی سەد پارەم دەبینێ، دڵنەواییم لێی دەوێ

بوویتە ساقی لەو هەرێمە، من پیاڵەی دەستی تۆم

تۆ کە پیاڵە هێز نەدەی وا، کوا بە کار دێم من لەوێ

لەو وڵاتەی خۆشەویستی وەک دڕووی دڵ بوو کەچی
بووی بە پەروانەی چرایان دەردی تۆیان وێ کەوێ
هێندە بێگەردە ئەوینت، بوومە فەرهاد بێ‌گومان
پێی ئەتۆی شیرین لە کوێ بێ، سەر دەنێمە سەر ئەوێ
دەرسی دڵداری لە فێرگەی چاونەترسی تۆی تەوار
نەرم و هێدی دادوەر تۆی! وەختی بێژنگ و کەوێ
ماچ دەکا «ڕێزان» بە دایم پەنجەکەی نەرمینی تۆ
داری مێژووی بەژنی تورتت، بۆتە قامووس، نانەوێ

٩٣/١٢/٢٦

شکۆ

ژیان وەرزێکی زێڕینە، خەباتی بێ شکۆ ناکرێ
مرۆڤ هەرچەندە کارا بێ، خەیاڵی تان و پۆ ناکرێ
ئەوا هەستێکی پیرۆزە، کە ڕۆڵەی بچتە ناو عالەم
لە زانکۆی پێشەوایدا بڵیندی بێ هەڵۆ ناکرێ
وەکوو گابەردی زێی گەورە ڕکێفی پردەباز و بین
وەباڵیشتان وە ئەستۆ خەین، لەمەولاتر کە ڕۆ ناکرێ
هەتا کەی تانەتان بگرین بە شێعری سەردەم و قافیە
لە بەستێنێکی دڵداری غەزەل پێت‌وایە نۆ ناکرێ
ئەوانەی وا لە سەر مێزی سیدارەت دڵ دەلەرزێنن
خەڵک وردبین و ڕێزانە، خەیاڵی شوان بە تۆ ناکرێ

به سوورەی (والعصر) سوێندم ئەوانەی پشت لە میللەت کەن

هەسان و تیخی ئەو خەڵکە لە ملیانە، درۆ ناکرێ

خەباتێکی درێژخایەن کراسی بەژنی مێژوویە

بە ئاسۆی ڕۆژهەڵات سەلما بە حەوت و هەشت و نۆ ناکرێ

نەکەی «ڕێزان» بە شەمزینی گەزۆی شێعر و چرۆی هەستت

ئەگەر بشکێ چیای هەستت، محاڵە بۆت وەکۆ ناکرێ

١٣٩٤

سڵاو

چەندە خۆشە گەر دەڵێم من، سەد سەلام ئەی کۆڕی دڵ
ڕاز و ڕەمزی خۆشەویستی دابچێنین، نەچتە گڵ
ئەو دەمانەی ئەمن و ئێوە دادەنیشین بێ‌خەمین
خۆشەویستی وا هەوێن دەین تا دەگاتە دوندی چڵ
پێنج و دوو ڕۆژەی ژیانیش وەک بەهارە و عومری پیر
با بە خۆشی بێت و بڕوا، دابمرکێ ئاوری کڵ
ژیانەوەی بستووی ژیانی هەرچی مەخلووقە و زەوی
گەر بە عەقڵ و بیر و مەنتق دایبنێی ناچێتە دڵ

با هەمیشە یەک گرین و ئەمن و تۆمان هەر نەبێ

گەر خواحافیزی هاتیش، هاتەکانمان نەبنە سڵ

عەشقی «ڕێزان»ـە بە دایم هۆگرێکە وەک مناڵ

هەر خواحافیزو لێ کەم، ئەو دڵەم زوو دێتە کوڵ

٢٧ی گەلاوێژی ٩٤

ژوان

تیشکی ڕووی تۆ خۆری دەم کەل، شەهدی لێوت بەربەیان
سەدهەزار تیری سرنجم هاتە ژوانی نێو بەیان
دەردی دووری و تیری عەشقت، شادەماری گەزتووم
کوا دەوا بۆ تیری زامار؟ کامە ڕێگا؟ کێهەیان؟
خوێنی سووری دەوری کوڵمت بیر و زەینی هەڵزنیم
باسی ئەنفال گۆڕی کۆمەڵ، ئاوی دەریا کامەیان؟
ماڵی کوردی هەر هەمیشە پێشڕەوە بۆ دەرد و داخ
سەربڕین فتوایە بۆ دین؟ سەربڕان زۆر بی حەیان
ڕۆژ هەناوی بسکی ژینە و شەو خەلافەت بۆ مرۆڤ
ئاو و خاکی نیشتمانیش بۆ پشوویە، جێگەیان

عەسری ئینتەرنێتە دونیا، ڕەنجی ڕۆژگار کەم بووە

ئاو و کانی گەر نەماون، خوێنە لافاو ڕێگەیان

شاری سابڵاغی کەوتە دەستی عەشقی دڵداری کەوا:

ئەو ئەوینەی دارەبەن بوو بۆ فەریناز لانەیان

گەر لە کۆبانی و شەنگاڵ دڵ بدەیتە کیژی کورد

شێرەژن قرمژنی گوللەی سەبتی مێژوون دانەیان

با ئەوینی ئەمن و دڵدار پاک و بێگەرد بێتە ڕێ

ئاوی دەریا و شینی ئالان (بشنو از نی) سەد بەیان

لاوە «ڕێزان» عەسری ئێستا وەک قومارە و تۆپی پێ

پشتی پێی لێدە لەمەولا، گوێ دە شمشاڵ و نەیان

١٣٩۴/٧/١٢

چڕژان

دەبوو هەرگیز نەبینم تۆ، دڵی تەنگم خەمت بگرێ

برای مردووی ئەتۆ نابم، برای تۆ یاخوا هەر نەمرێ

پشووی ڕۆژانی ڕوونم بووی، بەڵام کردت بە هەور و تەم

دڵم لانکەی خەمی کۆنە بەشی من با بە تۆ بدرێ

هەناسەی فێنکەبای قەندیل، دەماری ئاژنیم گەرچی

وەنەوشەی عەشقی نیشتمان خەمی عیشقم بە تۆ ناکرێ

گزنگی ڕۆژی دڵداریم بڵێسەی ئاگر و خوێن بوو

خەیاڵی خاوی مەینەت با بەشی من بێ، بە تۆ دەکرێ؟

خوناوەی گەردنت لیزگەی بە ڕیزی چاوی لەیلایە

لە چەتری هەوری ئاهی من، شەوی تاڵت لە پاڵ بخرێ

منی دڵناسک و بێگەرد بە هێندی ناگرم «ڕێزان»

خەفەت بۆ ئاخرین دیدار، لە دڵدا دێت و ڕادەبرێ

١٣٩۴/٧/١٧

بەیانی هات

بەیانی هات، هەوێنێ گەڕا بەرەو هیوایەک
داوی خەم سووتا و سارێژ کرا زام، بوو بە نەوایەک
نەخۆشی جەستە و ڕوح و لەش و دڵ هەموو بە یەکا
گرێی خەم پسا و ڕووناکی و پاکی گەیشتە پایەک
بە دەم زریان و زڕەی دڵتەنگی هەودای خەیاڵا
ئەسرینی چاو و فێنکی ڕوومەت و بسکی بەر بایەک
لە ڕەشی خاڵی، خاڵی لە تۆمەت لە خۆشەویستی
بەرەو کێوەڕەش ڕەشی دڵ لابا، بەولا و بە لایەک

پلەی پیاوی ژیر هێندێ بەرچاوە و لە بەرچاوانە

لە قەومی هەوا تەپڵ لێدانە، هەرکەس هەوایەک

نەکەی پەرۆش بی مۆری وات زۆرە ئەتۆ «ڕێزان»ی

داوای دڵ نەکەی؟ ڕووت لێ وەرگێڕم، بڵێم بە نایەک

١٣٩٤/٨/١٧

شەوت باش

چۆن شەوم باش بێ بسکی ڕەشی خەم خرایە ماڵم
چۆن شەوم باش بێ، پێدڕکی تاسەت شکاندی باڵم
گڕ و هەناسەی بێگەرد و پاکیم بەرەو ئاسۆیە
ئۆخژنی چۆن هات؟ تاسەی تۆ بکا بیداتە پاڵم
مۆری فەلاکەت بێ جەوهەر دەگرێ پشتی ڕێزانان
هەستێکی بوێر هەڵۆی بڵێندیم کوا وەکوو داڵم
گریام بۆ تیشکی پاکی هەناسەی عومرێ خەباتم
ئێستاش قوتابی دەرکی پێشەوام، هەرچەندە کاڵم
تاسەی لێوی تۆ و فرمێسکی شەرمت ناخی هەژاندم
بڕشتی بڕیم بێڕەحمی ئەویش زاڵمە و زاڵم
«هەرکەس دوو دڵان ئاوا لێک دەکا» ڕێزانیش دەڵێ
با خێر نەبینێ و ئارامیش نەگرێ، حاڵی بە حاڵم

١٣٩٤/٨/١٧

تۆڕی خەم

هەزاران تۆڕی خەم، لەولا تەنی دەورەی دیاری دڵ
کەچی شینە هەواری ژین، دەرو دەشت و کەناری دڵ
لە وەرزێکی وەک ئێستا، ئەویندارانی ڕۆژباشم
لە پێلووی دیدەکەم دەخشا، بە ئەسپایی غوباری دڵ
کە پێنووس وەرزەکەی سووڕا، مەرگ هۆی سەرفرازی بوو
لە پاییزێکی ڕەنگ زەردا، دەڕوانێتە وتاری دڵ
لە نێو هەورێکی لیخندا، دەبینم دوندی قەندیلیش
هەوای هەستێکی سەرکەوتن، دەخاتە نێو مەزاری دڵ
مەلۆتکەی شەرت و پەیمانیش لە پێدەشت و ڕووبار و خوێن
سەری دانا لە ڕێی عەشقا، بە قوربانی گوزاری دڵ

له نێو کۆڕی خەبات و خوێن، ئەوەی ئاواتە وا چەسپا

بە خوێن نەخشا هومێد و هەل، هەڵێکی هات بە باری دڵ

پەیامی خۆڕاگریی گەل، لە دڵدا قووەتێکی چاند

لە ڕووبارێکی ئەسرینا، دەچێتە نێو بواری دڵ

بە دەنگ و ڕەنگی بریاوە بەرەو ڕووی جەژنەیەک دەدوێم

لە مێژووی نیشتمان نووسرا بەسەرهاتی بەهاری دڵ

١٣٩٣

ئێستا

له تاڤگەی ڕوونی هەڵدێری شنەی هەستم تکا ئێستا
کەروێشکەی بسکی یادی تۆ، به باوێشکی قەڵەم وێستا
هەرەس باره چیای شێعرم له تین و توانجی دڵداری
پەرێکی وەرزی تاوڕێژت گەشەی ڕووحه له سەر پێستا
گەشه و نەشئەی شەپۆلی خۆر شکاوه گەر بزەی تۆی دی
نییه شەرحی له قامووسدا، مەگەر تەورات و ئاوێستا
کراسی ناسکی لێوڕێژ، له سینەی خۆشەویستی خاک
سپی پۆشه به ماچی ئاو، سەدان ئاوات که ڕاوێستا

وڵاتی بەژنی دڵداری بە کەپری هەوری بێ باران
وەکوو پاییزی شەرمی تۆ، لە ڕابردوو هەتا ئێستا
کە هەڵگوردی خەیاڵ لەرزا، لە چاوە ئاو کرا لیخن
لە کامێرایی نوێخوازی، چ تەسویرێکە، ئابێستا!

بەفرانباری ١٣٩١

نەرمەبای ڕۆح

هەناسەت نەرمەبای ڕۆحە و ڕەوانە و دەم‌بەدەم با بێ
گەرای ئەو خاکە ڕەنگینەی، هەوێنی تۆ، دڵت چا بێ
سەدان ساڵە بەرەو ڕووتن، نێچیری چاوی بەدکاری
بە ڕووتی مێشکی ڕەش‌پێستان، لە ئێستاکەش، دەڵێن نابێ
کە ئازارێکی بێ بەڵگە، شەقامی هەنگی تۆ دەبڕێ
لە شیلەی پەیکەری هەستت، ئەوە ئەسڵە کە وریا بێ
لە حەیران بەیت و بالۆران، ئەوەندەم زام بە گوێ چرپا
ئەوەی زل‌کوێر و ڕەش‌بینە، بڵێی وابێ؟ ئەویش مابێ؟
وڵاتێکی وەکوو ئێمە، سەراسەر گوڵ‌بزە و دڵ بوو
بە دڕک و داڵ تەنیویانە، ژیان ئێستاش دەڵێن وابێ؟

شەپۆلێک نووری چڕژاوە، لە ڕۆچنەی یادی هەر ساڵە
لە قەیرانێکی سەد قەڕنا، نەوەک ئێرە نە ئەولا بێ
دڕندە و ناحەزی بۆیە، لە ڕیشە جەهل و تاریکە
دەمی چوارپێ لە سەر دەریا، خەتەر ناکا کە دەریا بێ
ئەوا بازنەی ئەوین و دڵ، کەو و بێژنگ دەکا مێژوو
ئەوەی گەش‌بین و ڕێ‌زانە، بە وریایی دەبێ ڕابێ
کەسێ هات و دەراوی تۆ بە بیری تەسکی لیخن کا
کەمەندی ژان وەباڵ دەگرێ، چ لەولا بێ چ مەولا بێ
پەیامی مۆسیقای بەژنت، سروودێکە لە نێو سینەم
ئەتۆ عەشقێکی پیرۆزی، دەبێ عاشق کە ئازا بێ
غەزالی شێعر و پەخشانی، لە زەمزەم پاکتری ڕاستە
ئەوەی پێی وایە تۆ گوڵ نی، وەکوو شێت وێڵی سەحرا بێ

١٣٩١/٩/٩

باهۆز

که تۆف و بەندی تاری شەو، هەژاندی نووکی خامەی ڕۆژ
هەناسەی تیشکی پێنووسم ڕکێفی دا لە لانەی ڕۆژ
تەور داریێ دەپێکێت و گڕی ئاور لە گەرمیانا
قەڵام خوێنی لە جەستەی دێ، لە دەس نامەرد و تانەی ڕۆژ
گەرای هەورێکی لیخناوی لە دەریای زەینی دڵکوێران
لە تابووتی زەوی دەخشێ بە سێڵاوێ، لە خانەی ڕۆژ
خەیاڵی بای بڵیندایی قەل و داڵ لێ دەسوون باڵان
لە خەستی هەستی جەوهەردا، دەچێتە نێو ئیدانەی ڕۆژ
بە پاسپۆرتێکی ڕەش‌پێستی لە ڕۆژ خۆ هەڵدەکەن ئێستا
لە بەستێنێکی پاییزا ژیان چەرخا بە دانەی ڕۆژ

به قووڵایی وەکوو دەریا، وەکوو شاخێکی خۆڕاگر

دەبێ پەنجەی وشە توند کەین، لە قامووس و لە وانەی ڕۆژ

پشووی هەڵدێری هەڵبەستم لە هەورازێکی باهۆزا

وشەی وشیاری وا دانێ، پتەوتر بێ لە شانەی ڕۆژ

سەرماوەزی ١٣٩٢

بۆ نەورۆزی ١٣٩٢

لە ژین ئەهریمەنێ پێک‌هات بە دەسکردی خودای خێوان
تەشی مێژووە ها سووڕا کیوومەرس هاتە نێو نێوان
ئەوا ئەو ڕۆژە هاتە گۆ کوڕی کورد هەڵگرێ ئاڵا
دەنا پێش کاوە ئاوا بوو، لە خۆفان بچنە نێو کێوان
لە سەر لووتکەی بڵند باڵای چیاکان بەو گڕی نەورۆز
نە زوحاک و نە ماری ما، نە سەرکردەی سوپای دێوان
لە شەختەی شاخ کرا ڕزگار، ئەوین جەغزێکی وای کێشا
هەناسەی ئاخری پێوا بزەی هاویشتە سەر لێوان
پشوویەک هاتە نێو کۆمەڵ ڕەگاژۆی کردە بەندی لەش
شەرابی ژینی سەربەستی، لە نێو باغ و لە نێو مێوان

گزنگی خۆری دڵداری، وڵاتی کردە لانەی دڵ

بەروبوومی بەهاری کورد، شکۆفەی کردە نێو سێوان

ئەوا جەژنی سەریساڵە و وڵات دڵخۆش و سەرسەوزە

بەهارە و وەرزەکان یەکڕەنگ هەموویان دێنە سەر پێوان

ئەمن عەشقێکی خۆڕستم لە بەرچاوە و لە سەر چاوە

لە قیمەت نایە سەرکەوتن، نە بە درهەم، نە بە زێوان

٢٥ ڕەشەمەی ١٣٩١

بسکی تۆ

به شەرمەوه هەتاو هەڵدێ، که دیتی بەژن و باڵای تۆ
زەوی سووڕا له جوانیتا، ئەرێ شاژن! ئەتۆ کوای تۆ؟
شەوی یەڵدا وەکوو بسکی ڕەشی تۆ، کوا دەبێ؟ نابێ
که ناوبانگت له نێو عالەم به جوامێری زڕا، وای تۆ
ئەتۆ کۆڵوانەکەت دانا، دەراغ و فیشەک و تیربار
به پەنجه و چاوی پاکی تۆ، بەرەو تۆ دێن و بۆ لای تۆ
نیگا و هێز و چەکی شانت، دڵی دوژمن دەپێکێ وا
که تۆ شێرێکی نێومالی، مناڵی شێره له دوای تۆ
پەلاپیتکەی تفەنگی تۆ، جیهانی یەکسەره داگرت
له نێو قامووس له مێژوودا وەها جێی گرت و پێوای تۆ

که مەیدانی خەبات سوور بوو، بە ماتیک هاتە سەر لێوان
شەڵاڵی خوێنە بسکی تۆ، دەکەن شانازی لیوای تۆ
دەڕەخسێ سەربەخۆ بین و وڵات و خاک بکەن ماچت
تفەنگ و هەست و بیری تۆ، لە سەر ڕاتن هەموو ڕای تۆ
نەمامانێ چەقان ڕۆژێ، بهاوێن پەل، بکەن سێبەر
ڕەدیف و سێبەری تێکچوو، دەبێ جەنگی بەرەو پای تۆ
شەڕی کوردان جیهادێکە، نەفت و دەوڵەت بەهانەی تر
کە بێتوو تێنەکۆشین، زامەکەی شنگالە جێگای تۆ
لە مەیدانی شەڕیشدا، دوژمنی دڵڕەش دەتاسێنێ
قریشکەی ئەو چەکەی دەستت، لەگەڵ ستران و قاقای تۆ
کەچی خوێنی ژنانی کورد حەڵاڵە و سەربڕین دینە؟
بەڵام هەر بەرزە کۆبانی، تەوار و بەرزە ئاڵای تۆ

١٣٩٣/٩/٢٦

پاییزی تاسە

لە ئاوێنەی بیناییما وێنەی جوانی خۆی دەکێشا
نگارکێشی حەزی دیدەم بە پێلووی چاو بۆی دەکێشا
لە ناو گوڵدانی باوەشما بە شێوەی شێوەکاری ژیر
لە مەودای ژین و دەسکردی وەکوو جۆڵا پۆی دەکێشا
هەناسەی دیدەکەم کورت و گزینگی خۆری هەڵبەستم
ڕنووی فرمێسکی چاوانم لە سۆماوە تۆی دەکێشا
گزینگی دەم بەیان هات و لە سەر بەفری سپی سینەی
خوناوەی گەردنی خۆری وەکوو شەونم ڕۆی دەکێشا
وەکوو مۆمێکی هەڵگیرساو شەو ئاهەنگی گەلی شایی
لە ئەستێرەی گڕی عەشقا بەسەرهاتی نۆی دەکێشا

سوهەیل و موشتەری یەک بوون، لە پۆنگای شینی دەریاوە

لە نوقمایی شەوی زەنگا بە دووی یەکدا کۆی دەکێشا

پیاسەی نامرادی دڵ لە وەرزی پاییزی تاسە

بەسەرهاتێکی ڕابردوو بە ناکامی لۆی دەکێشا

١٣٩٢/٩/٩

تۆ

بە قوڕ دەگری بەری ڕۆژێ؟! ئەتۆی شەوگەردی دڵتاریک!
لە یاسای تیشکی خۆر دەدوێی؟ ئەتۆ بێگەردی دڵتاریک!
شەقام بێزار و بەرزەن چۆڵ، ئەگەر عەشق و ئەوین وا بێ
ئەتۆش نووری لە پۆلووی سوور، مقاشی وەردی دڵتاریک!
بەهاری عەشقی ڕوحی من، لە دۆزەخ مێشکی تۆ دەدوێ
لە بازنەی بیری گەردوونا، لە مێژوو زەردی دڵتاریک!
کە مەنسوور هاتە بن دارا، دەبوو عاشق بزانن باش
بە پیلان گۆی زەوی دەگرن، مەکۆی هەر دەردی دڵتاریک!
ڕەوانە ئاوی دیدەی من، گراوم پڕ خەمە و شێواو
لە پێوانەی شەو و ڕۆژدا، هەناسەسەردی دڵتاریک!

بە فێنکایی پشووی قەندیل، هەرامەی چۆن ژیانم دی

لە سێڵاوێکی پڕ قینا، ئەتۆ! گابەردی دڵتاریک!

لە سەر چەرخی ژیان دیسان، ئەوەی ئاواتە دەینێژن

نەریتی خۆشەویستی خۆش، ئەتۆ بێ نەردی دڵتاریک!

لە وەرچەرخانی مانگ و ساڵ، چلۆن زەینت بەرەو دوا چوو

مەبەستی عاشقان پاکە، ئەتۆ! نامەردی دڵتاریک!

١٣٩٣/٦/٣

عەشقی تاوێر

چ بێ ڕوحە ئەگەر بولبول لە سەر کەپرێ ببینێ خۆی
گەرووی شمشاڵی زێڕینی بژاکێنێ و بخوێنێ خۆی
دەبێ بولبول نەکا کۆچێ، لە پاناوگەی وڵاتی گوڵ
پەپوولەئاسا لە دەوری شەم، بە دیاری گیان دەهێنێ خۆی
بەیازە بەژنی ئاواتی خەڵاتی کردەوەی سوورم
نەیار هەردەم شەلە زەینی، بە بارگەی خەم دەمێنێ خۆی
حەشارگە و بنکەیی یاران، لە دەست ڕاوچێکی خوێڕیدا
تەماڵ هەرچەندە بێ زۆر بێ، بە زۆرداری دەبینێ خۆی
لە ئاڵای بەژنەکەی تورتت، وەها باوەش وەرێنم گەر
ژوماری ماچی سەر لێوت لە پێنووسما ببینێ خۆی

وڵاتێکی وەکوو ئێمە لە لانکەی خەونی بێ خاوەن
خەلە و خەرمانی ئاواتی، بڵێی کەنگێ بچێنێ خۆی؟!
پیاسەی سەر شەقامی خۆر لە زێدی عەشقی تاوێردا
گەرای تاریکی وا گڕدا و کڵوکۆی دامرێنێ خۆی
نەمامی ڕۆژهەڵات ئێستاش مەرگ لێی لادەدا، چونکە
نەمامێک سەد نەمامی چاند، نەمامچێنیش لەوێ نێ خۆی
کە تاپۆی گڕ لە شێلاوگەی هەرێمی عەشقی بێ بەستی
لە سەر سکڵ و لە سەر پۆلوو دەبێ عاشق، دەرێنێ خۆی

١٣٩٢/٨/٨

هاتنەوە

جەماڵی پاکی تۆ هەستە و ورەی هەستان و تیم بوو
برووسکەی شۆڕشی شێعرم، وشەی نامۆ و تەرینم بوو
هەتاوی پووشپەڕ و نۆزدە، لە وەرچەرخانی مانگ و ساڵ
ئەوەندە هیوای بە گەل بەخشی، چ مێژوویە خەمینم بوو
لە هێڵی مانگی قوربانا، بە قوربانی دەکەم ڕوحم
بە سیما و هەیکەلی زیندوو، لە خۆشیدا چ شینم بوو
ئەرێ هۆی تاکەسواری گەل، وڵاتی عەشق و خوێن و گڕ
لە قامووس و لە مێژوودا، بە شانازی ئەمینم بوو
لقی هێڵێکی قۆناغی لە قازی تاکوو بارزانی
کە حەفتا ساڵە ماندیلای لە نێو سیاسەت، بەدینم بوو!!

تەرازووی دادەورێکەی تۆ، لە دونیا دەنگی وای داوە
لە نێو شاخا هەتا کاخا، لە بۆ ڕزگاری چینم بوو
ئەگەر نوورێکی وشیاری وەکوو تۆ قەت نەبا هەرگیز
لە مێحرابێکی پڕ قینا، شەقام پڕ خوێن، بە خینم بوو
لە سەر دەستی وڵاتانی کە بارزگانی خوێنن وا
بە سەرکۆماری مل‌کەچ بوون، بەڵام ترسێ نهێنم بوو
بڕشتی سەبر و ڕیشەی هۆزبڕی هەرچی ڕق و قینە
بە گاز و خەردەل و ئەنفال، سەدان تۆڵە لە قینم بوو
ئەرێ هۆی قابیزی ڕوحی کەسانێکی وڵات‌پارێز
بکێشە ڕوحی من سەد جار، برین‌پێچی برینم بوو
نەیاران خۆشییان وا بۆ کەچی کورد بێ سەرۆک ماوە
نەیانزانی کە بارزانی وڵات‌پارێزی ژینم بوو
یەدی کورد وا لە ئاسۆدا وڵاتانی وەها پێچا
هەموو کڕنۆش دەبەن ئێستا، کە ساڵانێ نەبینم بوو

١٣٩٣/٤/٢٧

پەیام

که وەختێ دێتە بن گوێی من پەیامی خەم لە هەر لایە

بە خورپەی دڵ لەشم دەمرێ و هەناسەم هەرکە دەرنایە

ڕەشەممە هات ڕەشی پۆشی و گەرای خەم پنجی خۆی دانا

زەوی ڕەشپۆش و شێواوە و کراسی ڕەش لە بەریایە

زەوی دوێکە سپیپۆش بوو بەڵام ئێستا وەکوو پووشپەڕ

خەمی وەرزێکی نادیاری بە نادیاری لە ئەوکایە

لە کاتێ وا سەری ساڵە و بەرەو نەورۆز دڵت خۆشە

کولانکەی ژووری هەر ماڵێک، کەچی خەم دەکشێ باڵایە

خەم و ماتەم پەرەی گرتۆ و لە شار و دێ نیە باکی

هەوای شار لێڵ و دێ ماتەم، شنەی شادی پشووی نایە

دە ڕۆژەی خاکەلێوە خۆی خەمێکی تازەیە هەردەم
پەڕەی ناسکی گەڵای شەوبۆ، بە هیچ بایە لەرەی نایە
کە تۆف و بەندی جەللادان سنووری تێک بەزاند ئەودەم
لە حەسرەت خەڵکی بێ تاوان، تەم و مەینەت لە سەرمایە
بڵێی ڕۆژێ نەبینم من لە نێو کۆمەڵ خەمیش لاچێ
خەمی کۆن و خەمی تازە، بەڕاستی چاو لە شیندایە
ئەمن نەمدی لە پووشپەڕدا خەم و خرمان وەکۆ بن لێم
خەمی ئێرە و خەمی ئەولا، بە سەد دەفتەر لە بن نایە
مرۆڤ پەنچەی بەرەو لەنجەی ژیانی نوێ کەچی ئێستا
لەگەڵ غەدرێکی غەواران، هەڵەبجەش هێرۆشیمایە
هەتا کوردێ هەبێ و مێژوو لە سەردەشت تاکوو پیرانشار
تەماشا پیر و گەنج و کیژ خەڵاتیان چۆن لە بەردایە
بە دڵ دەکوڵێم بە چاو دەگریم لە حەسرەت ڕۆژی ئاوا ڕەش
منیش وەک ئێوە خەمباران هەزار دەردم لە دڵدایە
وەرن خزمان وەرن دۆستان لە پاش مەرگی شەهیدانێک
بە چاکی ڕاگرن یادیان، بڵێن هەر کوردە ئازایە
ئیتر یادی ئەوانەی وا شەهید بوون بەبێ تاوان
شەهید سەرچاوەیە و دەستوور، لە مێژوودا لە یاسایە

سەنای باری دەبێ وا کەین ئەوە ڕۆژێک دەپرسێ و داد

ڕەگی زاڵم لە بن دێنێ و سەڵاحی کار لەوێڕایە

کە هەوری ترش و تاڵ دوێکە شۆڕابەی دایە سەر کۆمەڵ

دەبێ سەبر و هومێدت بێ، خودا ڕوحمی هەیە و سایە

لە مێژووی کارەساتی وا قەڵەم کۆڵ و زمان لاڵە

وەکوو خەردەل وەیا ئەنفال چلۆن نەکرێ سکاڵایە

کوڵی دڵ هەرچی بوو ڕشتم، پەنا بۆ ئەو بەرین و داد

دەبێ ڕۆژێک بە چۆکدا بێن، ئەوەش قەرزێکە، سەودایە

لە بازنەی چەرخی ڕۆژگارا سەدان زۆردار دەبینی تۆ

پەتی ئیعدام لە مل زاڵم بە حوکمی گەل لە گەڕدایە

۱۳۸۹/۲/۲۰

مثنوی

مەسنەوی

نیشتمانم حەتتی ژیانم دەبێت و بەسیم تۆ تۆ دەوێ

گەر دڵم بێ جێ خەم لە تۆی بێ تۆ دەبێت پێکی بەردەوێ

«زریان»

حەز

سا لە باغچەی عەشق و ژینا یادی یارێکی بە دڵ
هێندە تامەزرۆی وەڵامم وەک حەزی بولبول لە گوڵ
خۆشەویستی پوخت و پاراو ناخی دڵداری هەژاند
بەفری شاخی بەختی سەردم پەنجەکەی خامەی تەزاند
من لە گەڵ یادی ئەوینت وەخت و بێوەخت و دەمێ
عەشقی پیرۆزت لە دڵما قووەتە بۆم هەر ژەمێ
پرچی کاڵی مانگی ڕووی تۆ بەو هەناسەم سوورِ دەخۆن
دوو بەهێی گژنیژی نەرمن وا لە سەر سینەت بە کۆن
یادی ژوانی بن پەسیوی دەم لە سەر کوڵمەی تەزیو
خاوەنی سەد کەوشەنم خۆ بێتوو گەر بمکەی خەدیو

دۆستەکەی ساکاری دێرین تۆم فریشتەی بێ‌کەسێ

تیشک و تیری نیونیگاکەت لادەبا بۆم هەر کەسێ

ئێمە عەشقی کوردی پاکین خاوەنی مێژوو و زەوین

ڕۆژ بە قوڕ کوانێ دەگیرێ، سەربڵیندین نانەوین

۱۳۸۴/۷/۱۶

هەست

سەردەمێ بوو بێلانە بووم[1]
لەگەڵ شێعر بێگانە بووم
گرێپووچکەی ڕایەڵ و پۆ
نەمابوو هۆش هیچ لە کن خۆ
بەڵام کاتێ دیم ئەو شێعرە
ئەوەی هەستە هاتە ئێرە
هۆنراوەکەت من خوێندمەوە
بە بیری ورد، ورد بوومەوە
هۆنراوەی جوان و ڕازاوە
وشەی جوان لەودا گونجاوە

[1] بە بۆنەی شێعرێکی مامۆستا ڕاوچی ئەم شێعرەم بۆ هات.

هەر وشێکی جێگە شەرتە
کوردی نەزان لە ئەو پەرتە
منی لەرزۆک هەست و لاواز
یەکجار دوورم زۆر جیاواز
منی تینووی ئەم کانییە
ویشکەسوێمە پێت وا نییە؟
دێمە دەریای بیرەوەری
بیر کردنەوە و بەختەوەری
بەختی ڕەش و شەوی تارم
هاودەمێکن بۆ وتارم
دەچمە ژوان و ژوانگەی خەیاڵ
بڕۆم تاکوو جێگەی مەحاڵ
چەوتە قەڵەم لە ئەو باسە
هەست بڕ ناکا زۆر کەساسە
شەرتی شێعر مەرجی خەیاڵ
خوێنەر دەچێ لە هەموو حاڵ
ڕێک و باریک خەیاڵی ورد
خوێنەر هان دا بۆی بێتە پرد

وشەی پەتی لە ناو کوردی
ئێمڕۆ هەڵە بۆتە مەردی
جوان دەرکەوتن بۆ کۆشی هۆش
سیلە گرتن بۆ دنیای خۆش
دنیای خۆشی یا ناخۆشی
هەست ئەگەر هات تۆ لە جۆشی
دەڕوا بۆ لای نوختەی نەزەر
دەپشکنێ جێگەی خەتەر
جێگەی دیار هەڵدەهێنێ
وەک باڵندە وەڵام دێنێ
هەست ناکرێ وەزن کرێ
یا کەند و لەند ڕێی لێ گرێ
هەست ناکرێ دوور دیار بێ
وەک پێشانگا جێ بوار بێ
هەست ئەگەر هات لای من وایە
شاعیر نەشڵێ دێتە کایە
کایە دەکا بە وردی بیر
دەس دێ وشە بەبێ تەگبیر

پێوەر دەبێ لەم ڕێبازە

دێتە مەیدان شێعری تازە

مەیدان بۆ ئەو ئاواڵایە

کۆشی شێعر وەک تەڵایە

قەت بڕ ناکەم بڕیار بدەم

لە سەر هەستێک سەرنج بدەم

١٣٦٨/٢/١١

شینی هەڵۆ

سپیپۆشە زەوی، هەورە دەناڵێ
بە فرمێسکی، دەر و دەشتێ دەماڵێ
نییە شینکە بەڵام شینی چیایە
دەبا زانا نەمانی هەر نەبایە
لە ناو کۆشی زەوی ئەو بوو بە میوان
لە شاباڵی وەرێنا بۆ نەدیوان
کوڕە بەرزەی ئومێدی مێژوونووسان
وەکوو هێمن نەمان بردی هەمیسان
کە پێی زانی هەڵۆ بەو کارەساتە
لە باڵ و چاو نەما هێز کەوتە ماتە

لە شاباڵ و لە گیانا هیچ نەما هێز

بە سپڵەی خۆی ئەویشی گرتە ئامێز

لە سەر دوندی چیا و هەڵگورد و شیوان

خەیاڵ و خەم هەڵۆی برد بۆ پەسیوان

لە سەر باڵی هەوا باڵانی لێکدا

تەواو حەدد و سنوور و مەرزی تێکدا

ئەوینداری چیا و هەڵگورد و دەشتە

تەزووی سارد و بەفرمێسکی لە مشتە

بە شەققەی باڵ و هاشەی کەوتەوە خۆ

دەئاییرسا دەروونی چەشنی پشکۆ

لە بەرزایی بە ئەسپایی بە نەرمی

لە سەر گڵکۆ بە فرمێسکی بە شەرمی

ئەوەند ڕاز و نیازی کرد بە گریان

لەگەڵ زریان و کسپەی جەرگی بریان

بە کوڵ دەکوڵێ و بە چاو ئەسرین دەڕێژێ

سروودی چۆن ژیان بۆخۆی دەبێژێ

بە دڵ مانی دەوێ بشبێ ڕەوانە

کە ئەو ناسۆرە یەکجار لێی بە ژانە

بەڵێنی دا بە وەسفی مامهەژاری

بە بەرزی تێپەڕێ عومری بەکاری

خوداحافیز لە کێلان و لە گڵکۆ

تەزووی لەت کرد بەرەو دەشت و کەژ و کۆ

١٣٦٩

بۆ کۆچی بلیمەتی کورد مامۆستا هەژار

گۆمیلکەی سوور

نووسراوەکەم قەڵەمەکەم هەستی دڵم
وەزنی گران زمان دەیڵێ و کوڵی دڵم
شمشێر نییە لە ناو کالان وڕ بمێنێ
دەبێ بیڵێ ژانی گەلم دانەمێنێ
بەڵێ سوارێ لە سەر ئەسپێ کەوتە خوارێ
کەوتە زەوی ناو گیا و زۆنگ چەمەنزارێ
ئەژنۆی شل و لاواز بێ هێز بە سەد تەرز
بێئۆقرە ما گەستی چەمەن لە سەر عەرز
لە تاوی سوار حەسرەت و کوڵ بە پێ کرکە
تێکی ئەدا عەرزی بەرین هەرچی دڕکە

لارەمل و بە فرمێسک و چاو بە ئەسرین
شەڵاڵ ببوو و شۆڕە سواری پڕ لە برین
بە بڕیارم تا سوار هەبێ من بمێنم
لە گۆمیلکەی سووری خوێنا ڕۆژ دەرێنم
وەفاداری چیرۆکێکە ژینی گەلان
گزینگەکەی هەتاو هەڵدێ لە ناو کەلان
ئەگەر حەیوان بڕیاردەرە بۆ بەڵێنی
سا تۆ ئینسان لە ڕووت هەڵدێ دڵ شکێنی

١٣٧١/٩/١٤ سەرپێڵی زەهاو

نیشتمان

نیشتمانم جێی ژیانم دەست و پێم بۆ تۆ دەوێ
گەر دڵم بێ غەم لە تۆ بێ، بۆ دەمێکی نەسرەوێ
مێشکی کاوەم بێتە جۆش و دابڕێژێ ژینی نوێ
بەرهەڵستی دوژمنان بێ ترسی دوژمن بێتە سوێ
با بنووسێ پەنجەکانم غیرەت و ئازایی کورد
دابڕێژێ ڕەسمی تازە بیر و هۆشی ورد بێ ورد
پێم لە زنجیری جەهالەت بێتە سەر ڕێی تێگەیین
پێوەری ڕێگەی ئەوین بێ تاکوو ڕۆژی پێگەیین
هەڵگری ئاڵای هەژاران، پڕ بە زار، هەنگاو بنێت
پەنجە توند و پڕ بە هێز و لاوکی سەرکەوتن بڵێت

جا له سەر دوندی چیاکان سەیری کوردستان بکا

هەڵمژێ بۆنی چیایە وەسفی سەرکەوتن بکا

خاکی تۆ سورمەی دوو چاوم یادەکەت شیفای برین

پەنجە و پێم دێنە مەیدان کات و وەختی ڕاپەڕین

هەستبزێوە خاکەلێوە بەو گوڵاڵەی سووری تۆ

بەرهەمی خوێنی ئەوین بوو بۆیە دەرچوو ناوی خۆ

چون شەتاوی بەفری نواڵە دایە ڕووبار و نشێو

تیشکی خۆر تیری دەهاویشت ئەو بەرەو کوێستان و کێو

بەفری کوێستان شل بوو ئەو جار کەوتە بەر هێرش بە خۆر

بەرپلووسکی گوێسوانان هاتە خوار ئاو چۆڕ بە چۆڕ

ئەو گەوەی سەختی چیایە خاڵ بە خاڵ بوو بۆ دەمێ

بەستەڵەک زستانی ماتەم بۆ کەمێ جێی نادەنێ

دەشت و دەر سەوزە ڕەفیقان ئەی لە بەر بانەمەڕێ

مێگەلە مەڕ شوان لە دواوە لەو کەژە تێدەپەڕێ

سۆزی شمشاڵ بۆنی گوڵزار مانگەشەو، وەختی خەوێ

تێکەڵی سۆزی سروشتە، زیندەوەر پێی دەسرەوێ

سەرزەوی بیر و سەرنجم، شەند بکە نووکی قەڵەم

بەرگی ناکۆکی فڕێ دەن بێخەیاڵ تەنگ و چەڵەم

وەرزی تۆ وەرزێڕی ژیرم بەرهەمی تۆ پاییزە

بووکی سووری پێگەیشتن چاو لە تۆیە کوا زیزە

چەک بە دەستم نیشتمانم تۆ دەزانی چم دەوێ

ڕۆڵەکانت بێنە مەیدان داری هیوات نانەوێ

نیتشمانم هۆی ژیانم چەکی دەستی من وشە

بیرەکەی کاوەم لە مێشکا تاکوو مردن هەر گەشە

ڕاوەشێنە تۆ پەڕوباڵ تۆزی غەم با داوەرێ

ڕۆژی شادی دێتە ئاسۆ وەک بەیانان کەوپەڕێ

سا لە ڕێی عەشق و ئەوینا بیری ڕوونت ڕوون کەوە

کورد بە لەیلا زۆر دەنازێ تۆش وەکوو ئەو تێکەوە

من مەلەوانی لەمێژی چاوی تۆمە چاو جوان

وا لە دەریای خۆشەویستی ون بووم من بێ‌نیشان

هاتەوە بیر کیژی کوردی نەشمیل و ئەبرۆ کەوان

یادی ڕۆژانی بەسەرچوو دێتەوە سەر جێی ژوان

زولفی ڕەش پرچی درێژی پێچی داوم وەک ئەسیر

زۆر دەمێ بوو هاودەمی بووم ئەو منی کردبوو نەچیر

وا هەڵیواسیم بە تاڵی تا بەیان مانگەشەوێ

ئەو دڵەم خورپەی لە ژینا هەر دەمێ بۆ ئەو دەوێ

خۆشەویستی ئەو کەمەندە دایە گەردن شان و قۆڵ
بۆ نەجاتی کیژی دڵپاک تا بمێنم نیمە کۆڵ
کیژەکەی ئاواتی دوای وێنەکەت وێنەی دڵە
من لە تاو دووریت دەناڵم مەینەتم بێحاسڵە
بووکی سووری بیر و بڕوا من هوزاریٚ، تۆی گوڵم
یادی تۆ ناچێ لە یادم کەوتە سەر سەفحەی دڵم
ئەو ملۆزمە هاتە کایە شەوگەڕی دڵ ڕێگرە
خۆ قەڵەم بێباسە چبکا چاو بە گریانە، گڕە
من بە یادت خۆشەویستم بەرگری شەوگاری تار
خۆ لە حەوشەی بیری تۆدا دێمە ژوانگە بە وتار
من بە دووی تۆدایە وێڵم ڕێ دەپێوم ڕێبڕم
هەر ئەوەی ئێستاکە دوورم زۆر پەشێو و غەمکڕم
کیژی نەشمیل کوردی ساکار تۆی نەچیری تێکۆشان
چاو بڕوانە خەڵکی دیکە گەینە تاقی ئاسمان

١٣٧٢/١٠/۴ سەرپێڵی زەهاو

فرمێسکی شەو

ئەی تاریکی ئەی بێ دەنگی وەرە بکشێ بە سەرمانا
ئەی شەوەزەنگ ئەی زەنگی شەو تەزووت بشکێ لە چاومانا
کەم بڕوانە داری چاکی ئەی پیرە پیاو بەساڵاچوو
بەر ناگرێ داری بریا نەبووە بۆ کەس سکاڵاچوو
لای تۆ شەوە ڕۆژی ڕووناک بێئاکامی نیتە بڕوا
دابچێنە تۆوی هیوا، هەڵوێستت بێ لە سەر داوا
لای تۆ وایە ئەستێرەکەی پڕشنگداری کاروانکوژە
عومری بێسوود دوور و درێژ تۆزی بایە هەور و مژە
کام ڕوو جوانە کام دڵ باشە کام مۆد باوە سا لە ئێستا
لای ئەو دژە، هەمووی ڕەشە، گشتی ساوا با لە پێستا

کام بەستەبێژ بێژێ بەستە، پێی بێتە جۆش دڵی خەستە

لە ناو بیر و هۆشی زڵکاو ڕۆڵە ڕۆیە، گوستن گەستە

چون نەونەمامی لە بەهار ژاکاو و سیس و پەژموردە بوو

گش سەوزایی مێرگ و نزار لای بیری ئەو وەک جەردە بوو

بێ‌وێنە بێ سروشتی خوا لە چەپکەگوڵ لە نەستەرۆن

پڕشنگ بدەن ئەستێرەکان لە نوقمای شەوی بێ‌چۆن

هەر وێنەیەک وەک ئاوێنە چەندین وێنە دابهێنێ

یا وەک باشوو لە بەرزایی هەلینگ بدا بۆ دامێنێ

مەیدانی غەم لە لایان ئەو، هەر ژاوەێ دێ کەژاوەیە

مەڕ و گورگ گەر یەک گرن، ئەو پێی وایە ئاژاوەیە

بۆ ئەو کەسە باش بزانێ ناسۆر چییە و سەرەنجامی

گرفەی دەروون هانی بدا بۆ فرمێسک گەر نەیفامی

ئەی تاریکی ئەی بێ‌دەنگی تێم وەرێنە چارشێوی تەم

حاشار درێ جەستەی خەستەم پشوو بدا لە چنگی غەم

ئەمین‌ئاباد ١٣٧٤/٤/١١

شەمعی ئەنجومەن

بۆ کۆچی دوایی ڕەحمان تەرەغە

ڕادەژا دار و گەڵای دار بەو پشووی کوێستانەوە
شل دەبوو بەفری نواڵە زۆنگ و چڕگەن ژیانەوە
ورشەورشی دار و چیمەن بەو شنەی باوێشکی شەو
پەرچەمی زێڕینی خۆر و ناڵەناڵی باز و کەو
قەڵپەزەی ئاوی ڕنووکان شیو و دۆڵی گرتە بەر
خاڵ بە خاڵ کوێستان و زەنوێر پێچی ڕەشیان کردە سەر
کەوتە بن بەفری چیاکان لووزەوی ئاوی شەتاو
هەر دەڵێی شووشەی شکاون بەفرەکان بەو تیشکی تاو

بای شەماڵ ئەیدان بە سەر یەک یەک بە یەک هەوری بەهار

هێرشی بای وەعدە ڕایدا زایەڵەی بەفری نسار

بایەکەی فەسڵی بەهاری ئەسپی غەمیان نایە پام

کاتێ گوڵ کۆچی گوڵم بوو تێکیدا ئاوا لە لام

دارە دارە یا گڕوگاڵ دەشتی پاناوگەی ئەدەب

ڕەوڕەوەی عومری جەوانی تێک‌شکا حەسبولحەسەب

تێکدرا ڕاوگەی ئەوین و کۆشی شێعریش کەوتە شین

ئەنجومەن کوژاوە شەمعی کەوتە ئێخە دادڕین

لێو بە خەم هات خاکەلێوە یەک لە کن سێ حەوت و شەش

مەرگی هەرگەنجێ بە جوانی شل دەکا چوار بەندی لەش

کۆچی ڕەحمان بوو بە ڕاستی ڕەحمی ڕەحمانی نەسیب

نایە ژێر خاک پاک و ڕاستی کێی دەتوانی وا نەجیب

دایک

دایکی چەوساوە مەینەتدیدە زۆر
هیلاک و ماندووی خەفەتخۆری کۆر
تیشکی پڕشنگی دڵی خەستەکەم
تۆ نەشئەبەخشی قەلب و جەستەکەم
کەیل و پەشۆکاو دیدەی پڕ ئاوم
ماندووی ژیانی ئەی نووری چاوم
لە هەورازی ژین جەفات بوو بە بەش
گوڕ و تین نەما، پیریت کەوتە لەش
گڕوگاڵ کردن لە ژێر باڵی خۆت
ژین بۆ تۆ ژان بوو، بۆ زەنجیر و کۆت

شەوان تا بەیان بە لایە لایە

بە فرمێسکی گەش پێت کردین کایە

وتەت پڕبایەخ، بەنرخ و زێڕە

بەختەوەر دەژیم بەو پەند و دێڕە

جێگات بەهەشتە ڕەوایات ئەزهار

(جنات تجری تحتها الانهار)

لە بیرمان ناچی پەروەردەت کردین

بەرەو مەنزڵگای خۆشبەختیت بردین

یاڕەب خودایە تۆی زاتی بێئێش

جێگای بەهەشت بێ دایکی جەفاکێش

١٣٧٩/١٠/٧

بنار

لە گێژاوی غەمیٚدا بووم، بە سەرما هات غەمیٚ دیسان
غەمی ئەو لاو غەمی ئێرە چۆن بتوانم من هەمیسان
بە ئەندامی سپیپۆشی بە شینگێڕای دڵی ئێمە
لە شینگای گەورە پیاویٚ وا بنارت بەرزە کێو جێمە
موکوریان کۆسپی دیسانت لە باغچەی هۆنەریٚ سەد ئاخ
چزاندی ڕۆحی دڵناسکان بە شیشەی دا هەتا سەر ناخ
تەمی داوێنی ئەو ساڵی وڵاتی نێو هونەرمەندان
حەشارگەی بەستووە بۆچی؟ لە گەورە پیاو لە بیرمەندان
برووسکە و قانگەلاشکی غەم لە داوێنی چیا هاڵا
کە تیری نامرادی هات شۆڕابەی خستە سەر باڵا

گوڵاڵە سوێند دەخوا ئیتر موکریان چۆڵ بکا تا سەر
لە تاوی کۆچی پیاوچاکان لەمەولا سەر نەخاتە دەر
تەزووی سیخواری دڵتەنگی، موکریانی گرتە ئامێز
لە بنارەو هەتا هەڵگورد چوار مێخە بوو پێی نەما هێز
لە بن هەر بەرد و گابەردی ئەو وڵاتە بەڕێزانی
شەمی شەوگار لە ڕێی خەڵکا دەسووتا و کەس نەیدەزانی
هەژارێک بوو لە داوێنی بە حەیرانی عەلی کەردار
خاڵە حەمە بە شمشاڵی بەرەی داهاتووی کرد وشیار

۱۳۸۵/۱۰/۲

کۆچی سۆران

وشە و دێڕی ئەدەبیاتە، لە سەر ڕێنووس سرک و سڕە
زمانی شێعر و پەخشانە، لە دوای سۆران وڕ و کڕە
ڕەشی شەوگاری پێنووسە لە پۆنگاوی خەمێدایە
تەرازووی وەزنی لێزانە بە لاوازی دەکا کایە
ئەگەر ڕۆژگاری پسپۆڕێ کە دێ و تارمایی تێدەکشێ
شەوی زاڵم بە بێدادی دڵی دڵداری لێی دەکشێ
کە دەرکی عیلم و زانیاری خەریکە زوو بە زوو داخرێ
پەری خشڵی شێعر و جوانی بەرۆکی زوو بە زوو دەدڕێ
پەسندی واژەناسی کۆمەڵی نێو کۆمەڵان کوانێ
کە بێت و چاوێ بخشێنێ ئەویش شێعرێکی شین دانێ

ڕەگاژۆی هەر زمانێ پوخت و پاراو بووی کەچی ئێستا
مەخابن ڕۆحی دڵدارێ لە ناو هێلانەکەی وێستا
کە شای مەردان بەبێ ناز و قەتیس و ڕووتەڵۆک ماوە
جەغەتوو نادر و ئەسرین بە کۆچت دڵ پەشۆکاوە
نگارکێشێکی وەک شێرزاد دەبێ بۆی ساز بێ هێمایە
دەنا سوارە ڕچەشکێنی شێعری نوێ بوو کە مابایە
مەخابن گەورە پیاوانێ بەبێ دەنگی لە ژێر خاکن
تەواوی خاکی کوردستان مەکۆی پیاوانی دڵپاکن
بە کۆچت وێژەوانی گەل شێعر بستۆوی تەم و لێڵە
بەبێ دەنگی چاوەڕوانان زیرەک، نووری جێ مەهێڵە
وەکوو دەریای ئەدەبیاتە کەم نەدەبوو بیر و هۆشی
بە شاعیران گەلێ دڵخۆش، خەڵکی بۆکان بە دڵخۆشی
سەلاح سۆران لێوەشاوە، بلیمەت و هەڵکەوتە بوو
لەبۆ فەرهەنگ و زانیاری، ماندوونەناس، نەسرەوتە بوو
وەرزی ئەوساڵ زۆر بە قین بوو چی دیی نەیدا عومری زێڕین
ئاو و خاکی شاری بۆکان بۆتە لانکەی هۆزی دێرین[١]

١٣٨٨/٦/٢٨

---

[١] لە سێ ڕۆژنەی پرسەی سۆران لە کاتێکدا برایم ئەحمەد (لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات هات و بەشدار بوو) خوێندرایەوە. موجری: کەریم بەختیاری

شمشاڵ

هونەرمەندان دەزانن خۆ، موکریان خاوەنی پشتە
لە خۆڕستی هونەرمەندان، کوردەواری وەک بەهەشتە
بڵێین بۆ هۆنەری توانا لە باوەش چڕگەن و چۆلا
بە فرمێسکی قەڵەم دەگری، ڕووبار و کەوشەن و کۆلا
لە ڕۆچنەی پەنجەرەی ژینا تیشکی هیوا بە دووی یەک بوون
نەنووسراوە مەقاماتیش بە فووی شمشاڵی ئەو ڕێک بوون
بە فووی شمشاڵی گڕ گرتوو، چ خۆشپارێز بوو بڕوا کە
بڵێسەی عەشقی پیرۆزی، لە فووی شمشاڵەکەی وا کە
قەڵەم جینگڵ دەدا کاتێ، دەمار و ڕەگ دەهاژێن چۆن
بە فرمێسکی قەڵەم لووزەو دەبەستێ و زوو دەبێ جێشۆن

که هەوری نائومێدی خەم، شۆڕابەی دایە ئاسۆی گەل
تەمێکی خەستی لیخناوی بە دڕدۆنگی هاتە سەر کەل
چ ڕێک پاراستی کەلتووری بە شمشاڵ مامەکەی ژیرم
بەبێ نووسران و بێڕامان لە باغچەی سینەکەی پیرم
لە کام مەکتەب و کام فێرگە، کێ بۆ جارێ باڵی گرتی
وەکوو گۆران گوتی کاکە چ ئوستادێ پەلی گرتی
وشەی دڵدار و یەکڕەنگی لە ئەوک و سۆزی نەیدایە
بەڵێ دەروێشی موکریان لە کن زیرەک لە خاکایە
قەڵەم دەگری و دەبارێنێ، حەیران بۆیە چاوی تەڕە
عەلی کەرداری حەیرانبێژ میوانداری قالەمەڕە
تەمەن زین و مەودا نەبوو بپێوێ ڕۆچنەکەی هیوای
گەرچی تیشکێک خۆری هاویشت ڕووناکی دا هێندێ پێوای
بە ئیما بەرزی کێوانە، لە بەرزیت هاتە داوێنێ
گوتی شمشاڵی کام کوردێ لە مەولا کورد بلاوێنێ
وەکوو شمشاڵ لە مێژوودا حەیران مەقام تێکهاڵابوو
قالەمەڕە و عەلیکەردار دروشمی زیرەک ئاڵا بوو
ئەوانە چاکیان زانی کە کێن و چین و بۆچی بوون
لە خزمەت نیشتمان و گەل بە دڵ سەربازی سەر ڕێ بوون

لە پاناوگەی ئەدەبیاتا، لە ڕابردوو هەتا ئێستا

لە سیحری سۆزی شمشاڵا زمان لاڵ و قەڵەم وێستا

وشە و دێڕ و هەموو نەزمێ لە سەر یەک ڕووپەڕی باخم

لەبۆ کۆچی هونەرمەندێ لە سینە کڵپەکەی داخم

لە شاعیر و لە دەنگخۆشان، هونەرمەندان لە هەر بوارێ

کە دوایین کاتی عومریان هات وە هاوار دێ هەموو شارێ

دەزانم من بە نیشتمان بە بۆکان شاری بووکانێ

بپارێزن هونەرمەندان بە تێکڕایی و بە ڕێزانێ[1]

١٣٨٨/٣/٣

[1] لە ڕۆژی دووهەمی سەرەخۆشی قالەمەڕە لە ئێوارە شێعری شاعیراندا لە مزگەوتی جامیعەی بۆکان خوێندرایەوە

بەرۆکی حەیران[١]

بەیانی وەعدە بایەک دێ لە خوارێ
حەکیمی دەردە، خەم زوو پێی دەتارێ
بەهاری دەشت و دەر بەرزە ڕەزانە
بڵیندی سەرکەشە تۆ باش بزانە
لە ئەو کاتە کە خۆر هەڵدێ لە جێوە
گزنگی تیری هەڵگورد دێ لەوێوە
گەز و میتری بڵیندایی خەیاڵێ
شنە ئامێز دەهاوێ و لێی دەهاڵێ
کەمەربەندە سنوورە ئێرە ئەو لا
سەدان بێتووشی تێدا بوونە مەولا

---

[١] ئەمن کە قەت شاری سەردەشت و حەیرانبێژی گەورەی کورد خدر قادری (خلەدەرزی)م نەدیبوو دوای کۆنگرەی بەیت و حەیرانی ١٣٨٨ ئەو شێعرەم بۆ خلەدەرزی گوتووە.

سەری دەشتە[١] لە دەشتی ئاو و هەڵدێر
بە کاکۆڵی گوڵان باوێشکی زنوێر
زەوی شەق بوو گوڵان دێنە بزەی لێو
کەرۆشکەی گیا و چەمەن ورشەی گەڵای مێو
تەواوی بوونەوەر گیابەند و خاوک
تراوکەی خۆشەویستان دێ بە چاوک
هەناسەم دێ دەئەنگێوێ لە زارم
لە دەروازەی دوو لێوم دێ وتارم
لە لانکەی بیری منداڵی ئەماژام
بە یادی بولبولێکی من دەڕاژام
لە مێژ بوو چاوەڕوان بووم بەو میداڵە
کە تاجێ باوێژێ بەو سەرمە خاڵە
لە داوێنی هەوای ڕووباری دەنگت
لە دوندایی ترۆپکی بەژنی شەنگت
بە شاڵاوی زوڵاڵی پڕ هەناسەت
بە سیما و هەیکەلی غەمناک و تاسەت
کە تۆ لێزگەی گراوت دا لە سەر دڵ
حەشارت دا هەموو ڕازێک هەتا گڵ

---

[١] ئاماژە بە شاری سەردەشت

به دەنگی تۆ بەرۆکی لاوک و حەیران
لە ئاسمانێ دەوەستان توور و تەیران
هەوای ملکێکی مۆر کردوو لە سنگا
دەپارێزێ گەل و خاکی بە دەنگا
لە شینگایی برایمۆک و غەزاڵم
لە ڕابردووی هەموویان کرچ و کاڵم
نە حەرفێکت لە سینگدایە بە نووسین
نە پێوات ڕێچکەی ڕێگاکان هەتا چین
لە سیساوا[١] بپرسم ئەو دەڵێ کێم
خلەدەرزی دەناسێت و دەڵێ پێم
کە حەیران دێ لە کن ئەو ئێوە پشتن
بە کەلتووری گەلی کوردی بە گشتن
خەباتی سەدەیەک ئاوا دەڵێ بۆم
خلە دەرزی و ڕەسووڵم[٢] دەبنە یەک چۆم
لە داوێنی چیای دایکێک گوراون
بەرۆکی نیشتمانێک لێی دووراون
دەڵێی من ملکی کوردم سەر بە مۆرم
کە تیشکئاوێژم ئەمنیش هەر لە خۆرم

---

[١] ئاماژەیە بە حەسەن سیساواییی حەیرانبێژ
[٢] ڕەسوول گەردی حەیرانبێژ

هونەرمەندم لە باوەش خاک و ئاوم

وەفاداری وڵاتم بەرزە ناوم

کەسێک بێتو نەزانێ کێیە و چۆنە

وەبن پێی کەوتووە بێ عەقڵە کۆنە

کە ڕووت بێ تێنەگا عەیبە ژیانی

ئەوە گەپجارە بێ دەستە و زیانی

وەکوو نەی بەژنەکەم نەی‌نەی دەکا لێم

ئەوەند بێ ناز و لاواز بم دەڵێی پێم

هەڵۆی داوێنی کوێستانی وڵاتم

وەبەرهەم دێ هەموو ڕەنج و خەباتم

نە مەحویم تا کە مەحویم بێ لە شێعرا

دەناڵێنم وەکوو نالی لە سێحرا

نە گۆرانم هەتا وەسفی دەرۆش کەم

نە سیامەندم بە تاسەم تۆ پەرۆش کەم

نە ڕەزدارم ڕەزم خوێنی فەقیر بێ

نە زۆردارم کەوانم پڕ لە تیر بێ

ژیانێک تێبگەی خۆشە بەرینە

چیای قەندیل لە بۆ پیاوان سەرینە

خۆزگە بەو کوێستان و چێیە شادی لێی هەڵدەدا   هەوری تاری چڵکنی خەم بوو بە جاری تاروما

چۆڵ دەکا مەیدانی شادی خەم دەچێیە پێش حەسا   سۆزی شمشاڵ بۆنی گوڵزار دوورە فیقەن دێن بەها

بەندەن و کوێستانی ئێمە قالەمرەی داڵ بە شا

ریزان ۷۶

گیرۆدە

پێنجخشتەکی لە سەر شێعرێکی خالیدی ئەشرافی (خاکی) سنە.

گیرۆدە بە ئاهی کێی؟ دیلی چ خەیاڵێکی
بێخواردن و خۆراکی لە دوای چ جەماڵێکی
ئەی دڵ لە کۆ تۆ وێڵی؟ ئێستا لە چماڵێکی؟
ئەو شۆخە کە سەد عاشق سەرگەرمە بە خاڵێکی
سەرخۆشە دڵی زارم هەر شەو بە خەیاڵێکی

جوان‌چاکی هەموو جوانان تیری نیگا داوێژێ
وەسفی برۆی ئەو یارە سەیرێکە نەیار بێژێ
ئەگریجە پەرێشان حاڵ، بە شنەی با هەموو ڕۆژێ
بەو زولفە پەرێشانەی، گرتوویە بەری ڕۆژێ
کاروانی ئەویندارانی یەخسیرە بە تاڵێکی

پاییزی خەم و ماتەم پڕکارە لە کاریدا
کاروان‌کوژە بەژنی ئەو، لاوێکە لە داری دا
من مەستی گوڵی ڕووی ویم بێ‌وادە لە شاریدا
ئاخۆ گوڵی ئاواتم دەڕوێ لە بەهاریدا
زریانی خەزانی خەم دەرچێ لە شەماڵێکی

وەک ئاسکی سڵی ئەی شۆخ ئێستا تۆ لە کام شوێنی
شادم بە بزەی لێوان، تاسەی من دەتارێنێ
تیری موژە و سیلەی چاو خەمبارێ دەلاوێنی
شەیدای چ کوڵێکی دڵ، وەک بولبول دەناڵێنی
زامار و جگەر خوێنی تیری چ کەژاڵێکی؟

تاوانی بە چی ئەی دڵ بۆچی ئەتۆ بووی لێڵ
کوێستانی خەیاڵی ویم جێی تەگبیر و جێگا خێڵ
نەیکەی تۆ وەکوو فەرهاد زوو بتخەنە باری فێڵ
تاوێ وەکوو بیژەن گوم، تاوێ وەکوو مەجنوون وێڵ
ئەی دڵ لە چ چاڵێکی هەڵناوی چ یاڵێکی

روومەت گوڵ و ڕووی من گڵ قەت نایتە سەر سەودام
هەڵگرتەی خەیاڵی ویم، زولفینی گرێی پێدام
بێ‌فکری بەسە تا کەی مردم بۆیە وا فەوتام
ئەم عیشقە خەیاڵە و خەو، ئەو بێ‌خەم و من سووتام
نەیدیوە کەسێ بفڕێ پەروانە بە باڵێکی

ڕێبازی ئەوینێکم سەر پردە لە ڕێگەیدا
دەستی من و دامانی کەوتوومە لە ژێر پێیدا
جارێ بە کەرەم بێت و «ڕێ‌زان»ێ بکا پەیدا
«خاکی» لە ڕچەی عیشقا مەجنوون‌سیفەتە و شەیدا
هەرچەن دڵی لەیلایە ناپرسێ لە حاڵێکی

١٣٧٢

کوێستانی ئێمە

دیدەکەم کوێستانی ئێمە گشتی مێرگ و چڕگەنە
شان بە شان دوند و نشێوی ڕیز بە وێنەی بڕگەنە
پێ‌بەپێ باران لە کۆسار پڕ لە ئاو ئەو خڕگەنە
سەقر و بازی ئەم کەلەت دی مەکتەبی ئەم فێرگەنە
قاسپەقاسپی خاسەکەو دێ جێی هەڵۆیە شەڕگەنە

کارگی نواڵە زیز ڕەمەندی لەو قەد و لاپاڵەوە

هەڵز و بیزا یا کوڕادە لەو ترۆپکە و یاڵەوە

عەنبەرینە نەعنە شەشپەڕ دێ لە ئەو بەر پاڵەوە

بۆنی سۆسنەی دوندی کێوان ئەو بە ڕەنگی کاڵەوە

شوان و بێری دوای داوەت ڕوو بە کێو یا ماڵەوە

ڕژد و هەڵدێر، بن‌نساران، جێی کەوە کەوبازە دێ

کەو لە لانێ هەڵفڕیوە بۆ کەوی کەوبازە دێ

بۆ ئەوەی ڕاوچی وەدەرنێ بەو ئەوینە سازە دێ

داو لەکن داو دەنگی غوڕڕە ئەو بە ئەو ئاوازە دێ

کەو بە کەو بازە دەنازێ چۆنە ئەو لاوازە دێ؟

جێی هەوارە ساڵ دەگەڵ ساڵ بۆ مەڕ و مێگەل گەلێ

چادر و چیغ بارگە و بنە، باران بەڵام نادا هەلێ

حەوحەوی چوارپێ لە سەر یەک دەنگی زەنگ بزنە شەلێ

فیکەفیکی شوان لە بەر مەڕ سۆز و ئاوازی مەلێ

مانگەشەو ئەستێرە و مانگ دێنە دەر سەر لە کەلێ

کچ گەل و کوڕگەل لە کوێستان عەشق و سەودایی دەکەن
قۆڵ و بازن، پەنجە گرتن شان بە شان شایی دەکەن
دڵ لەوێ دووری لە دڵ گۆڕین و ڕاڕایی دەکەن
مەمک و پەنجە کولْمە و دەم کیژ لە خۆبایی دەکەن
تاوپەڕێنە کۆڵ و توربێن، ڕوو لە ئاوایی دەکەن

خۆزگە بەو کوێستان و جێیە شادی لێی هەڵدا دەوار
هەوری تاری چڵکنی غەم بوو بە جارێ تارومار
چۆڵ دەکا مەیدانی شادی غەم دەچێتە پش حەسار
سۆزی شمشاڵ بۆنی گوڵزار دوو ڕەفیقن دێن بەهار
بەندەن و کوێستانی ئێمە مامەقالەی دا بە شار[١]

قادراوا ۱۳۷۶/۴/۲۴

[١] ئاماژەیە بە قالەمەڕەی شمشاڵژەن کە ئەویش خەڵکی قادراوایە.

زستانی لادێ

ئەی وەتەن زستانی ئەوساڵ هێرشی کردە سەرم
چوار تەنیشتم بەفر و ڕندوو ڕێم نییە چۆن دەربەرم؟
تۆز و خشکەی باسک و هەڵدێر دێتە بەر دەرکە و دەرم
کێ هەیە بێت و بزانێ چۆنە حاڵی ئەسمەرم؟
دڵ بە خورپە بۆ ویسالی کوا پەیامی دولبەرم

بای شەماڵ کردوویە چووکە بنپەسیوان جێی کەوە

گورگ و ڕێوی دێنە دەشت و هاومەرامن پێکەوە

ترس و خۆفە بو بنیادەم بیخەیاڵ بە جێکەوە

دڵ لە تاوان بیقەرارە هەر دەڵێ زوو ڕێکەوە

من لەگەڵ زستان و شەختە چۆن بتوانم دەربەرم

شۆڕەلاوان هەن لە دێهات داو و تەپکە دێننە گۆڕ

خەپخەپێن و پشکیلانە دێن و دەیکەن کۆڕ بە کۆڕ

شەوچەلە و گیزەی سەماوەر دێتە ئاخری دێتە چۆڕ

بەربەیانان گوێسوانان سیخواران دەبنە شۆڕ

وەروەرە و بێڵە لە سەر شان پاک دەکەن بان و دەرم

پوزلخ و زەنگاڵ لە پێدا دانگە ڕۆ کرا بۆ مەڕێ

ڕاوچیان ڕستە لە دەست و تاجییان دێننە دەرێ

ساو هەورە با لە کۆسار هەڵدەکاتە باسەرێ

دێنە سەر شوێنی کەروێشکێ زەحمەتە گەر دەربەرێ

بۆتە شەڕگە دەشت و سارا، بارِنە دێتە سەرم

با بزانن خەڵکی لادێ سەختە ئەوساڵ وەک نەدیو

ئازووقەی سەرمایە داخەن کەم نەهێنن لە بژیو

لاق لە سەر لاق دابنێن و هەروەکوو میر و خەدیو

بەرگی سەرمایە لە بەر کەن جا بکەن یادی هەتیو

دابنێن ئازووخە بۆو ساڵ من ڕەشەمەی بەدفەڕم

گەر لە زۆرداری زەمانە خۆ بتوانین لابدەین

داوی سیحر و زوڵم و زۆریان، چۆن بتوانین بابدەین

سێبەری زاڵم نەمێنێ، ئەو بەڵێنیە وا دەدەین

پیاوی بەدکار با نەمێنێ، لەو وڵاتەی ڕادەدەین

ڕەنگپەڕیو و دوور لە عالەم لێو بەبار و لاپەڕم

زامەکانی ئەو هەرێمە، زۆر بەژانە و کارییە

ڕێوڕەسمی لاوی لادێ ئێستا هەروەک شارییە

بێسەوادی دەردە بۆمان، بێسەوادی عارییە

بۆ گەلی کوردم بە تێکڕا ڕووم لە دەرکی بارییە

وا لە شارستان بێزارم من لە لادێ بێبەرم

ئەمینئابادی سابڵاغ ١٣٧٢/٩/١٥

پێنج خشتەکی لە سەر شێعری مەلا کەریم زاری

زۆر لە مێژە چاوەڕێم من هیچ سەدایێ بۆ نەهات
تۆزی ماتەم شانی گرتم، فێنکەبایێ بۆ نەهات
هەر لە گوێمدا بوو نەوای ئەو، ئەی نەوایێ بۆ نەهات
دەردی دووری کوشتمی یاڕەب، دەوایێ بۆ نەهات
سوحبەتی بێگانە تا کەی، ئاشنایێ بۆ نەهات؟

هەر یەکەم ڕۆژەی ژیانم، کەوتە لەرزە من کە دیم
ئەو لە جوانیدا نموونە، من لەڕاست ئەودا کەچیم
دڵ کە ئاگای لێک هەیە، بۆ وا دەزانێ هەر کە نیم
سەرفی ڕێگەی بێ وەفایی بوو، خەزێنەی زیندەگیم
کۆچی ئاخر وەختە بێ، ساحیب وەفایێ بۆ نەهات؟

هێند بە ئەو سەرگەرم و خۆشم، وا دەزانم وەک قەڵام
گەرچی زۆر سەخت و بەسامە، قەت نەبوو جارێ وەڵام
سەیرە پێی وایە چنارم، بێ لق و پۆپ و گەڵام
غەرقی لافاوی خەم و خنکاوی گێژاوی بەڵام
وا لە ڕێیدا سەد گرێ، موشکیل گوشایێ بۆ نەهات؟

کاروانی خەم لە ڕێدا سەیرە نایەتە ڕەدا
چەرخی ڕۆژگار وا گەڕاوە، بێ سەرەنجامە گەدا
هەرکە ئێمەی لێک ترازاند ئەو لە من بو وا جودا
جەردە بۆ تاراج دیسانۆ لە ڕاس و چەپ خودا
بۆ نەجاتی کاروانم، ڕەهنومایە بۆ نەهات؟

وەرزی یادی تۆ دەسووڕێ بێ پشوو لەم دەهرەدا
ویشکەسۆی ئاوی دوو لێویم، ئەو حەکیم لەو دەورەدا
نەمدی عاشق وا بسووتێ غەرقی خەم لەم عەسرەدا
وای بۆ کەشتی شکاوێ قوڕ بە سەر لەم بەحرەدا
ناخودا کۆمەک کە ناکا، باخودا بێ بۆ نەهات؟

گەرچی سەرشێواو و پڕخەم هەر دەڵێم خۆزگەم بە پار
ساڵ و ڕۆژ و مانگ و حەوتوو دێن، بە دوای یەک بێ ژمار
لاوی هیوای خۆشەویستی خۆم دەنێژم جار بە جار
بۆ ئەوەی ئەم ڕێگە ڕاسە گوم نەکەم تا دەچمە شار
لەم شەوی تاریکەدا، شەوقی چرایێ بۆ نەهات؟

دڵ لە تاسەی خۆشەویستی بێقەرارە ناسرەوێ
هەر بەڵایەک بۆ ئەتۆ دێ، بێ لە بۆ من، وێم کەوێ
دڵ کە گۆشتێکە هەتا کەی وەخت و بێوەخت و شەوێ
زەخمی دڵ ئێشی گرانە، سەبری ئەییووبی دەوێ
بۆ دڵی بێ سەبرم ئەی زاری شیفایێ بۆ نەهات؟

ڕەزبەری ١٣٩٠ بۆ یادی مەلاکەریم لە سەقز گوتراوە.

زانست

پێنج‌خشتەکی لە سەر شێعری مامۆستا حەقیقی[١]

لە ڕێبازی عیلم جوانە تەمەن دەرچێ لە ئەو چینە
عومرداره عیلم میوەی بەری ئیمانە بۆو دینە
لە ژێر باڵی عیلم خۆشە تەمەن زین بێ بە ئەو زینە
بەری باغی ژیان شیرینە، گەر زانینە ئەو ژینە
نەزان وەک هەژگەڵی بێ‌کەڵکە، بۆ سووتان و پەرژینە

[١] لە سمیناری ڕێزنان لە حەقیقی ساڵی ١٣٧۴ خوێندرایەوە.

پەرێشانی دەکا خاوەن هونەر بەرگ و گەڵا و پۆپی
هونەروەر دەست‌ودڵبازە وەکوو لاوێ لە سەرچۆپی
نییە وەک ساحێبی پارە ببێ پۆزی لەگەڵ زۆپی
هونەر دارێکی بەرزە دوڕڕ و مەرجانە لق و پۆپی
هونەروەر نامرێ چون باغەوانی عیلم و زانینە

تەڵەب بکرێ لەبۆ ئینسان بە تێکڕایی و بە حیرمانی
لە زانین خۆ نەپارێزن، هونەروەر بن وەکوو مانی
جەهل دەردێکە بێ دەرمان، بە تەنیا عیلمە دەرمانی
لە خوێندن چاو مەچووقێنە و مەبە مایەی پەشیمانی
نەسیبی دوژمنت بێ جاهیلی بارێکی سەنگینە

لە حەسرەت خەڵکی بێ فەرهەنگ دوو چاوم چەشنی سیروانە
کز و لاواز و بێ‌هێزیم شەو و ڕۆژان لە بەر وانە
دەبێ یەک بن هەموو لاوان، جیهان ئەمڕۆ لە سەر وانە
نەزان عەیبە، نەزان سووکە، ژینی نەنگە، بڕوانە
وتەی زانا چ شیرینە، وشەی نازان چ نەنگینە

ڕەوایەت هەن لەبۆ ئادەم لە ئاکامدا کە فەرموویە
لە نێر و مێ نیە فەرقێ، بە خوێندن قەت نەکەن موویە
مەلائیکە لەگەڵ تۆ بوون وڵاتی دوور ئەگەر چوویە
لە بابەت خوێندنێ پێغەمبەری موختار فەرمووییە
وەدووی خوێندن کەون، بچنێ ئەگەر چوونوو لەبۆ چینە

ئەوەی دوورە لە عیلمە خۆ بزانن بێ غەمن چەندن
لە زانایان کەوا سوورن لە سەر خوێندن بە دڵ بەندن
لە ناو هەر کۆمەڵ و کۆڕێک بە ڕیزی باشەوە هێندن
خەیاڵێکی نەکەن وەخت و زەمانێکی هەیە خوێندن
لە بێشکەی ڕا زەمانی خوێندنێ تا کاتی تەڵقینە

لەبۆ ئینسان بەجێیە خۆ پلە و پایەی هەبێ، بەرزە
بەڵام فێر بوون لەبۆ عالەم بە دوو شێوە بە دوو تەرزە
بە منداڵی عیلم فێر بوون نەگەییە پیری، ئەو مەرزە
مەڵێن بۆ نێر و مێ فەرقی هەیە، فەرموویەتی فەرزە
لە سەر کوللی موسوڵمانێ چ مێ بێت و چ نێرینە

به باڵی عیلمەوه بگره و بڕۆ ئێستا چ دیبایه

ئەوەی دوور بێ له زانستێ بەڕاستی حەشری کوا وایه

له پیری شاری بۆکان گوێ گرن بەو فکره واڵایه

حەقیقی وەک نەزانین ئافەته بۆ دین و دونیایه

حەقیقەت عیلم و زانین زیبی دنیا، زیوەری دینه

نویٔ

گاڵەی شەماڵ ئەوین و تین
دەتەملانی گەوەی هەوری هەناسەمن
لەئاست ئاسەوگرکانی کۆ
هێور هێور
ڕەگاژۆی لەشی شەلاڵن
شەماڵ،
کەرۆیشکەی شلکە شەتڵەکانی غەمەکانم و
ئەوینی تۆ تین و توانای هیواکانم .

«ڕێزان» ٨٢

تاسە

ئاخ دیسان وەک تاسەبارێ

هاتیە بەرچاوی پڕ لە ئاواتم

بۆت پێک هێنام چەند پرسیارێ

بە ڕێک‌وپێکی بەژن و باڵات

منت خستە گێژی دەریای بیر کردنەوە

بە باڵی شەکەتی خەیاڵ فڕیم

بەڵام نەمتوانی بە سەر ڕازی ئەم مەتەڵەدا

هەنگاوی شارەزای

هەڵێنمەوە

١٣٦٨ میراوا

شەوەزەنگ

لە ژێر باڵی بەرینی شەوەزنگا
لە ڕێبازی پڕ لە مەتەڵی خەیاڵی پڕتاو
وەبیرم هاتەوە
کە دووری تۆم بۆ ناگونجێ و ئیتر تاسەتم بۆ پێک نایە
دڵی کۆڵاوی پڕ هەناسەم ئەنگواوە
بە مژۆڵی بە ڕیز
ئەم ڕیزە تیرانە کە ناخی دڵ بواریان بۆ
ڕێکەوتن و گورچووبڕ و ئەنگێوە بوون
لە ئاکاما کردیانەوە پرێچکەی دڵ
ڕازاوە بوو لە ئەم ڕازە
خۆشەویستیت بێئەندازە

١٣٦٩

ئەستەم

کۆمەڵە بەردێ بەرز و پتەو

یا بەهەیبەت هەردەم بە خەو

زۆر لە جاران دێتە یادم

ئەو پرسیارە

لە سەر باڵی خەیاڵی خۆم

بیرم دەڕوا

گێژ دەخۆم و هەڵدەپێچرێم

ئەستەم تا کەی هەر دەتوانێ

ڕێبوارەکانی ماندوو بکا

بەیت و باوە

دەڵێن سەختی کراسێکە بە بەژنی

ئێمە بڕاوە؟

ئەو فەرهادەی دەتاشێت کێو

شەکەت نابێ پێی ڕەوایە

لە ڕوانگەی ئەو عاشق وایە

عاشق یانی شەکەت نەبوون

نەترسان و لە خۆ نەچوون

نەکەویت و نەنەوێی

بە گابەردان چۆن دەسرەوێی؟

چۆن شەو باڵ دەکێشێ بە سەر چیای

ڕژد و هەڵدێر

بە سەر هەرچی سروشتی خوا

گەر کازیوەی بەیان ئەنگووت

بوولێڵە کە تارمایی دا

لەشکری شەو شل دەبێت و بار دەکا

سوپای گزینگ دێتە مەیدان

کەژ و کۆسار دەچرپێنێ و دەیدوێنێ

بەشی شەویش بەردەست بوونە

لە بۆ ڕێبوار پێشێل بوونە

هەر ڕێبوارێک سوارچاک نەبێ

داڕێژراو و قایم نەبێ

لە داوێنی کێوی ئەستەم

چاونەترس و چالاک نەبێ

سەرناکەوێ، دێتە نەوین

دەرسی عیبرەت

لە مێروویەک

ئارام ئارام

دەست پێ دەکا

تا دەگاتە

لووتکەی چیا

سەرپێڵی زەهاو ١٣٧٣/٢/١

هەڵەبجە

دەسرازەی شەوێکی ڕەش ئاوقەی لانکەی چیای کوردە
منالێکی مەچەک توند و ساوا
ئارام ئارام سەردەمەی شەوگار داپۆشیوە
ورشەورشی گەڵای داران شنەی باوێشکی بەهاری
بێغەم خەفەت بەندی دڵی جوان ڕادەژا بە پرخەوە
بەختەوەری دوارۆژێک بوو بۆ ئەو گەلە بۆو وڵاتە
بەڵام وەختە
ئەوکی بگرێ لفکەی ڕەشی دەسرازەی شەو
لە ناخافڵ لە کوت‌وپڕ
خەردەل ئەتۆم چەکی شیمیا کەوتە بێشکەی لەشی سڕی
هەر نەوەک ئەو

دایکی، بابی، خزم و کەسی، گوند و شاری

بوونە خەڵووز و قوربانی

هێڵنجی داغی بوونی کورد، هەڵەبجەی یەکجێ تاپۆ کرد

دەستوبردی کەمی بوونی، گەلی کوردی پێ تاقی کرد

ناکازاکی، هیرۆشیما لە دوای ئەوە

هەڵەبجەی شاری گەلی کورد یەکەم مەیدانی شیمیایی نەوە

مناڵی کورد توند و بەهێز

هەزاران کۆسپ لە سەر کۆڵی لە نێو ئامێز

ئەو سوریا یا تورکیا یان وڵاتانی تری دونیا

لە تەنگانە، لە کوێستانی ڕژد و هەڵدێر، لە سەرمایە

شەختە و سەهۆڵ

گۆچ کراوە

نەک ئەو داغەی تۆ داغت کرد

لە تۆ وا بوو ڕیشەی بڕا

بە داغی وا داغتر دەبێ

بڵێی ڕۆژێک ڕۆژی نەبێ؟

٢٧ی ڕەمەزانی ١٣٧٦ میراوا

ڕەگاژۆ

گاڵەی شەماڵ
ئەوین و تین
دەستەملانی گەوەی هەوری هەناسەمن
لە ئاست تاسە و گڕکانی کۆ
هێور هێور
ڕەگاژۆی لەشی شەڵاڵن
شەماڵ
کەروێشکەی شلکە شەتڵەکانی
غەمەکانم و
ئەوینی تۆ
تین و توانای هیواکانم

١٣٨٢/۴/١۵

بۆ دڵدار

لە هەڵگوردی چاوەکانتا،
ئاسۆیەکی خۆشەویستی ئاسۆگ دەدا
بیری وردت بارستایی ئاسمانی پان
لە باوەشی هەوری تەما هەڵپێچراوە
چاوی گەشت هێور هێور دەڕوانێتە مرۆڤەکان،
زۆر لەمێژە کۆشی هۆشی ئەویندارێک
باڵی خەیاڵم لێکدەدا
ئەوینێکی دوورەپەرێز
شنە و باوێشکی یادی ئەو لە بەردینەی گشت چیایە
لە کۆنترین جێڕاوگەکان
مەتەڕێزی قەتیسماوی هەناسەمن

لەمدیو ئەودیو، لێرە و لەوێ

هەوێنی خۆشەویستی بوو

خۆشەویستی دڵدارێکم پەری هەستە

لە پوختیدا خەستی خەستە

پەرێزەکان لێکدەبەستین،

پێدەشتەکان دەکەینەوە

جێی هەڵپەڕکێ!...

١٣٨٣/١٠/١٥

لافاو

بە پەنجەتا گش ڕێگاکان خۆیان کێشا
نەیانتوانی قورسایی تۆ پێوانە کەن
نەیانتوانی دەشت و چیا جێی سانەوەی
هیوای تۆ بن
نەیانتوانی لە لایەکا تەرەغەمان
لە لایەتر زاگرۆس، قەندیل
بارستایی هیواکانت بە توانا بن
نەیانتوانی دەریاکانیش بە قەدرایی
بیر و هەستت زنەکێشی نیشتمان بن

ڕێگا و چیا بە زاگرۆس و دەریاکانا

لە ڕوانین و لە ئەزموونا لە خامەکەی بەهێزی تۆ

بە ئەسپایی کڕنۆشیان کرد بە ڕووباریێ ئەسرینەوە

دەستەو ئەژنۆ لە تۆ ڕامان

١٣٨٥/٨/١٧

نەورۆزی ١٣٨٩

من ئەو درزەی ڕۆژی ڕوونی سەردەمانی مێژوویەکم
لەتکراوی شاخی چڕی چیرۆکێکی بێکۆتایی
کۆتری سپی باڵکراوی زیندەچاڵی بیری ژینم
من ئەو خاکە بەپیتەم وا لە بن هەوری مڕومۆچا
زەردەخەنەی ئاو نامگرێ.
من ئەو ڕووبارە بەفراوەی خاکەلێوەم
هەموو ساڵێ پێنووسەکان یادم دەکەن،
شنەی بسکی لە سابڵاغ و قامیشلییەوە
لە بۆتان و هەولێرەوە
ڕازاوەیە و شەکاوەیە
ئەو پێدەشت و گوزەڵانەی قەراغ چۆمی وتارنووسم
ڕووپەڕێکی خودایانی کۆنی زەویم
ئەو ڕێبازەی ڕێبوارانی چەک بە دەستی قەڵەم بەرزم

چەخماخەی عاشقێکی شەو لە ژوانێم
من ئەو مانگەم ئەستێرەکان چاوەدێرن
من ئەو ڕۆژەم گەرمی لەشم هەستی شاعیر دەبزوێنێ
من ئەو کانیەم بەرۆکی من جێگا پەنجەی عەشقی تۆیە
ئەو بولبولەم سۆزی دەنگم لە گەرووی شمشاڵی هەڵدێرەوە
دیوارە پۆڵاکانی چوار وەرزی ساڵ
دەکاتە تۆز و لە گژەبای تووڕەیان دەتووڕێنێ
ئەو هەستەم هەوێنی شێعر و پەخشان
ئەو وتارەم دێمە ژوانی هەموو شەوێ
شەونخوونی خۆشەویستێ بیرم دەکا
ملوانکەی ڕیزی وشەکان دەهۆنمەوە
هەتا مێژوو هەبێ ئەمنیش دەبم
ئەو ئاواتە بە هەناسەی نیتشمانی ڕۆژی بەرێم
ئێستا دەڵێم دەیلێمەوە
قامووسێکی پڕ لە وشەی خۆشەویستی
نەورۆزەکەی
سەری ساڵم
سەری ساڵ

بۆ یادی ١٠ خاکەلێوە (لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی)
میراوا

...

لە چۆڵگەیەکی نامۆ و دوورەپەرێزا
ئەنگوستەشەوێکی بە تۆف و بەند
سڕە هەنگاوێک
دەست بە چەک و دەموچاوێکی شڵەژاو
ترازا دەروازەی ڕوحمی
پیرەپیاوێکی دڵئاوا،
بە زارێکی کلێشە دار و
هاڵاوێک و بۆنەوە
بە داوێنێکی پیسەوە.
چوارمێخەیان کرد

سیروان

لە ڕۆچنەی کام دەلاقەی خۆشەویستی
ئەو مەڵبەندەوە تۆم ناسی؟
بە کام ئیمای دنەی خۆشەویستی
ئاڵای سەوزی پەنجەکانت چاوەڕوانت بووم
گزنگی خۆری کام ڕۆژگاری
ڕەشمەی وەرزی ساڵ بووی؟
جووڵەی زەردەپەڕی دوا شەختەی کام دڵداری؟
تۆ دەروازەی دڵنیایی کام عەشقی؟
هەناسەی گوڵاوپژێنی بەر بەیانی کام ساڵوەگەڕی
بیرەوەری کەڵەشاعیرێک بووی؟
ناسکترین بزە و جوانترین لەنجەی

کام مەڵبەندی؟

هەڵگری ڕازی دڵداری

وڵاتی کوردەواری بووی؟

دڵبەندی گراوی ملوانکەی

ڕازی ئەو نیشتمانە بووی؟

شنەی بەژنی ئاڵات کاریگەرە،

لە سەر هەست و مێشک و بیرم

زنەی بەهێزی کام سەرچاوەی

بێگەردی ڕووبارەکانی کوردستان بووی؟

بنچینەی کام دیواری بێ هەرەسی هەرمانی

تابلۆی شەقامی کوردی بووی؟

هەرکە یادت لە سەر هێڵی خەیاڵ ڕێک دەکەوێ

ژیان بۆ من مانا دەگرێ

زایەڵەی چڕینی بەیت و باوی

ڕووداوەکانی کام کارەساتی؟

بیرۆکەی شادەماری

خەیاڵپەردازی بن سێبەری داوێنی

نەگۆڕاوی ئاویەر و

نەکەرۆز و ناڵەشکێنە بووی؟

تۆ کێ بووی؟

میراتگرێکی بیرۆکەی دەسەڵات

داری ئەردەڵان و بابانەکان و موکوریان بووی

شەپۆلەکانی خوڕێنکی

بێ ترس و خۆفی

سیروان و چۆمی کەڵوێ بووی

ئەو بورجە بەهەیبەتەی وڵاتی وشە و

پێنووسی هونەری کوردەواری بووی

مێژووزانی خاک و ئاوی شەهیدانی

یەک بە دوای یەکی کوردستان بووی

کڕنۆشی خۆشەویستی

زێدی باپیران بووی

تۆ پارێزگاری بێ سنووری عەشق

و خۆشەویستی وڵاتێکی بێ سنووری

کوردەواری بووی

تۆ ئەو بووی.

ڕێبەندانی ١٣٩١

چوارینه

مەی گێڕ

تۆ کە مەی گێڕی لە بۆمە ساقی تێکە بێنە مەی

کۆڕی یاران چاو لە دەست و چاوەڕوانی تا بە کەی!

لە وەهەڕیم و شێوەدوو لە پیری دڵدارە دەمگری

یادی یار و ساقی و مەی پێم دەبەخشن تاجی کەی

ڕێزان ۱۳۸٤ جۆزەردان

ئەوین

بەڵێ یاران ئومێدی گەل ئەوینە

ئەوەی نێتی ئەوین هەر دڵخەمینە

بە بەفرانبار و ڕێبەندان دەبم شاد

بەڵام چبکەم ڕەشەمە ماتەمینە

١٣٧١/١٢/٢١ سەرپێڵی زەهاو

مێژوو

که بووکی نیشتیمان دی به خەردەل زێڕوەشان دەکرێ

به کوژرانی، سەری ساڵی نەورۆزەکەی بەشی دەدرێ

جیهان و لاپەڕەی مێژوو، دەهۆنەوه وەرزەکانی

تەماشا سەرکەشی دەوران به دەستی کێ و له کوێ دەمرێ

سۆزە

تا سۆزە لە دم دێتە دەرێ دێتەوە بیرت

ئەم سۆزە کە سۆزی دڵە وا دەنگ و نەوایە

سا یادێ بکە تۆ لە هونەرمەندی ئەسیرت

ئەو کاتە سەنیری خەوەکەت بن سەری دایە

پەنجە

سیلەیی چاوی بە قین و چۆپیکێشان هەڵپەڕین
دوژمنی ڕەش دێتە لەرزە داری خەم دێتە بڕین
تیشکی خۆر ئەمباز دەبێتە جۆگەلە و گۆمیلکی سوور
پەنجە و چەک دێنە مەیدان کات و وەختی ڕاپەڕین

ماتەم

خرمانانی بێخرمانم، دەرد و ماتەم باری هێنا
ڕێبەندانی بەپیت و پێز بۆ من ڕێگەی خەمی هێنا
بەهاری شینی سەری ساڵ شینی گێڕا نەورۆزەکەی
سەراپای ساڵی هەشتا و هەشت لە بۆ ئێمە زاری هێنا

دەگمەن

هەر بە دەگمەن نەمدی یارێ بێ و بڵێ یارت منم
بۆ پەژارەی ژینی چەوتت دڵ بەسۆی زامت منم
داوی زانین چۆتە ئەستۆم پێم دەڵێن شێتی گەلێ
گەر بە خاکا چی نەداری، کوانێ هاوکارت منم

١٣٨٤/٣/٥[١]

[١] بۆ کۆنسێرتی عەزیز شاڕوخ کوترا

مەیگێڕ

تۆ کە مەیگێڕی لەبۆ مە ساقی تێکە، بێنە مەی
کۆڕی یاران چاو لە دەست و چاوەڕوانی تا بە کەی؟
لەم هەرێمە و شیو و دۆڵە بیری دڵدار دەمگرێ
یادی یار و ساقی و مەی، پێم دەبەخشن تاجی کەی

شەوی ١٣ی جۆزەردانی ١٣٨٤

سەرین

لە بێمەیلی دڵی تۆ دا ئەوا مەیلی ئەوینم نا
لە بەر بەختی ڕەشم ئێستا ڕەشی چاوم لە شینم نا
لە سەر دەستی ئەویندارا ئەوا دەستی ئەوینم بەست
کەژ و کۆ بگرە من هاتم، چیا بۆ خۆم سەرینم نا

١٣٧٢

ئارەزوو

ئارەزوومە هەستی دڵداری لە بۆ تۆ دەربڕم
فەوری پێنووس بێتە دەستم نووکی خامە بسترڕم
تا دەمێکی دابنیشین ڕازی دڵمان پێک بڵێین
باشترە ئەم ڕازە لابەین ئەم کراسە دادڕم

۷۲/۳/۱۶ میراوای بۆکان

لاولاو

خۆزگە بەو ڕۆژە کە وەعدەی دیتنی تۆم من هەبوو
چاوەڕوانیی چاوی مەستت لەو دڵەمدا جێی هەبوو
یادی تۆ هەر دەم لە دڵدا چەشنی لاولاوە و بەهار
من کە خەمخۆری خەمی تۆم کوا کەسی وەک من هەبوو؟

کەساس

عەزیزم من لە دووریت زۆر کەساسم

لە ناو یاران فەقیر، بێدەنگ و باسم

پەشێوم من لە هیجرانت بە جارێ

لە تاو دووریت تەواو ڕەش بوو پڵاسم

١٣٦٨ میراوا

ماچ

دەچەسپێنم دوو لێوانم بە دوو لێوتا، لە خۆ ناچم!!
لە سەر مەمک و لە سەر سینگا، خۆشتر دەبێ گەزۆی ماچم
ئەگەر بانگ و مۆتەکەی شەو گەرووم بگرێ دەس، لە ملتا
مەحاڵە لەززەتی وەسڵت، لە دەستم دەرچێ و من لاچم

١٣٩۴/٧/١

ڕێزان

گەرچی دوورم دڵ لە لاتە بێ گومان چاوی منی
چەندە بێ ناو و نیشانم تۆ من و ناوی منی
شێت و شەیدا و خۆشەویستی هۆگری تۆم، بێ وچان
تین و توانای هێزی پێنووس، خامەکەی خاوی منی

١٣٩۴/٧/٢٣

موناجات

ڕەحمەتەن لیلعالەمین

نووری ڕووت کردوویە ڕووناک گشت وڵاتی کۆن و نۆم[١]
سەف بە سەف وێستاوە عالەم لێرەوە تا موڵکی ڕۆم
سەرزەوی بیر و سەرنجم پڕ لە نوورە شاهی خۆم
ڕۆژی شادی دوژمنانت لێڵ دەکەین وەک ئاوی چۆم
تێپەڕی تاریکی ڕۆژگار من غوڵامی دەرکی تۆم
بۆتە ڕمبازێن لە بن پێ مانگ و ڕۆژیانە نجۆم
هاتنت یەکجار موبارەک سەروەری دنیا و دین
پێ لە ڕوحم نێ بە قوربان ڕەحمەتەن لیلعالەمین

[١] شیعری سەید قادر هونەرپەژووە لە فارسییەوە وەرمگێڕاوە.

تاوی ڕوخساری موحەممەد دادەپۆشێ زوڵم و زۆر
تاجەکەی لەولاکە لەولاک ڕوونە هەروەک تیشکی خۆر
هەڵدەڵێن پێت کوللی عالەم بەو زمانی پاک و مۆر
تێپەڕی عومری موبارەک شەو هەتا ڕووناکی خۆر
جەهل و تاریکی بە سەر چوو کاتێ نێوت هاتە گۆڕ
خۆش بە ئەو مانگە کە تۆ بووی بوو بە شادی جۆر بە جۆر
ڕەحمەتە بۆ سەر غوڵامان وا مەلائیک دابەزین
پێ لە ڕووحم نێ بە قوربان ڕەحمەتەن لیلعالەمین

خۆش بە ئەودەم وا لە عەرشا بووی بە هاوسێ و هاونشین
لێدرا زەنگی سەبووری بۆ تەواو خەڵکی زەمین
هاتوچۆی چەرخ و فەلەک بوو گەییە قاپی حەوتەمین
وا لە ئەوجی عیززەتا تۆی بەو خوداوەندی مەکین
وا لە خۆشی نووری تۆ بوو داندرا چەرخی بەرین
ئێستە پەرچەمداری تۆیە جوبرەئیل ڕوحەلئەمین
سەر لە ژێر پێت دادەنێم من پێ مەنێ خاک و زەمین
پێ لە ڕوحم نێ بە قوربان ڕەحمەتەن لیلعالەمین

چەتری تیشکی خۆری لوتفت بێتوو گەر بێتە سەرم
با وجوودی چووکە بوونم کوا لە ئەفلاک بێبەرم
تێدەپێوم عالەمی ناسووت و لاهووتیم نەرم
لەو فەلەک زوو ڕاپەڕم من خاوەنی دەرک و دەرم
با بکێشێ دەس بە سەرما خاکی ژێر پێ ئەنبەرم
چۆن نەوازیش لەو حوزوورت تاجی زێڕین بۆ سەرم
ئەی کەلامی خۆش و شیرین گشتی وەک زێڕ و سەمین
پێ لە ڕوحم نێ بە قوربان ڕەحمەتەن لیلعالەمین

ئەی بووی سالار و سەروەر ڕوون و ئاشکارا و موبین
وا هوەیدا بوو لە نوورت فەخری عالەم مورسەلین
فەخر و شانازین بە وەڵڵا بو تەواو خەڵکی زەمین
سەروەت و ماڵم بە قوربان هەست و نیستم بێڕەهین
سورمەکەی چاو خاکی ڕێتە مەحرەمی ئەسراری دین
تاکوو ڕوونتر بێ دوو چاوم قووەتی دینی موبین
نیمە هێزێ وەسفی تۆ کەم من لە زومرەی کەمترین
پێ لە ڕوحم نێ بە قوربان ڕەحمەتەن لیلعالەمین[١]

٢٥ ڕەمەزانی ١٣٧٥ میراوا

[١] لە ئێزگەی کوردی ڕادیۆ سابڵاغ لە گوڵانی ١٣٧٦دا خوێندراوەتەوە

موناجات

به نێوی ئەو، وتاری خۆم لە سەر دوو لێوم هەڵڕێژم

بە ساکاری ئەوەی دەکرێ، وشەی شێعر هەموو بێژم

کەچی ناکامی ئەو ژینەم، هەچی ئاواتە دەینێژم

خودایا چۆن کوڵ و کۆی دڵ بە نووکی خامە داڕێژم

لە وەسفی زاتی پاکیدا قەڵەم کۆڵ و بەسەر گێژم

هەچی مەخلووق و گیانداره چ بێدار بێ چ کاتی خەو

به ڕۆژ حیکمەت هەیه و ڕەحمەت، له ئەستێران به مانگەشەو

سەنای باری دەکەن هەردوو، له باغ بولبول له کێویش کەو

تەواوی عەرز و ئاسمانی له خۆشی نووری زاتی ئەو

هەموو پێک هات له ئەوسافی بڵێم چی پێی وا بێژم

برینی گەل بکەی دەرمان، بنێ مەرهەم هەموو دەردم

کوڕی کوردی سەلاحەددین، بزانن وەک ئەوی مەردم

که دێن پێشەنگ بووم هەردەم، کەچی ئێستا بەرەو هەردم

نیه هێز و گوڕێ چیدی، له خەفڵەتدا یەکەم فەردم

ئەمن ڕێبوار و میوانێ، بدەی دەستێ له ڕێی لێژم

بەبێ بووبەکر و عوسمانم بناغەی دین هەموو دەڕمێ

خەلافەت له عومەر جوان بوو، له دڵدا قەت نەکەی وەهمێ

بریندارى شەوی نۆزده، عەلی بوو دەست له سەر زەخمێ

دەبیری سەبر و هیوا تۆی، ئەتۆی شافیع بکەی ڕەحمێ

مەقامی «لی مع الله» خۆ محەمەد حەزرەتێ ئێژم

لە ڕێگەی عەشقی خواناسی، دەبێ پڕ بی نەکەی هەر نەک
سەناخوانن هەموو مەخلووق، بە تێکڕایی و بە دانە و تەک
دڵم ناخۆش نییە هەرگیز، مەراقم بێ و بڵێم سەد پەک
لە دەرگا و بارەگاهی تۆ دەس و پێی بەستراو هەروەک
ئەسیرێکی گونەهبار و لە ڕەحمەت تۆ بدەی چێژم

بەهەشت و حۆری لەولا هەن، ئە لەولاش ئاگر و ناری
بە لوتفی ئەو شەو و ڕۆژ هەن، بە دەستوور حەزرەتی باری
بە ڕێگا و شوێنی تۆدا دێم، ئەمن شەرتە نەکەم لاری
ئەوەند خۆشحاڵ و سەرخۆشم، لە مەحشەر تۆم تکاکاری
هەموو مەخلووق دەبن ڕزگار، دەکەی دەرمان و سارێژم

ئەوەی بەندەی بەبێ عەیبم خودا شوکرت نەبم قەت مات
عیبادەت وەخت و بێوەختان نەوەستێنم بە کات و سات
خودا ڕوحمێ بە حاڵم کەی لە ژینی خۆم ببینم هات
بە قوربی «قابە قەوسەینی» دەسم گیر کەم هەتا ئەوکات
وەبەر ئاڵای کەوم ئەودەم، بکەی چارە لە ڕاوێژم

عەزاب و قەبری تۆ ناخۆش، لە گیانا دێی بە هاتوچۆ

کە تۆ خاوەن بەزە و ڕەحمی، دەبەخشی من، بە ڕەحمی تۆ

عەفوویان کە خەتاکانم، بە تێکڕایی و بە زۆر و کۆ

ئەوەند خاوەن گوناهم من، لە شەرما وەک هەتیوێک خۆ

لە قوژبن خاکە چۆڵی بەس، لە چاو ئەسرینێ هەڵدەڕێژم

١٣٩١/٣/١٢